Zanco Journal of Law and Politics
Vol(22), No(37), 2024
ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# پاراستنی یاسایی ئافرەتی کرێکاری بیانی لە کافتریاکانی هەرێمی کوردستان
# شاری سۆران وەک نموونە

| |
|---|
| پ. ی. د. رضوان شريف صالح |
| بەشی یاسا، فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، سۆران، هەولێر،هەرێمی کوردستان – عێراق |
| Email: rdhwan.salih@soran.edu.iq |
| شیلان تۆفیق فقێ خضر |
| یاسایی، جێگرایەتی داواکاری گشتی سۆران، سەرۆکایەتی داواکاری گشتی، هەرێمی کوردستان، عێراق |
| Email: shilantofiq90@gmail.com |

| | | |
|---|---|---|
| ID No. 1893 | Received: 20/03/2024 | کلیلە ووشەکان: |
| (PP 27 - 48) | Accepted: 06/06/2024 | کرێکار، کرێکاری بیانی، ئافرەتی کارکەر، |
| https://doi.org/10.21271/zjlp.22.37.2 | Published: 28/12/2024 | یاسای کاری عێراقی، کافتریا، هەرێمی کوردستان. |

## پوختە

یاسای کاری عێراقی ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧ی بەرکار لەهەرێمی کوردستان گرنگیەکی زۆری بە کرێکار داوە لەڕووی ماف و ئەرکەکانیەوە. بێگومان ئافرەتی کرێکاری بیانیش کە کار دەکەن لە کافتریاکانی هەرێمی کوردستاندا، پێویستییان بەوە هەیە کە بەیاسا پارێزگاریان لێ بکرێت و مافەکانیان بۆ دەستەبەر بکریت. بەڵام ئەو پاراستنە یاساییانەی کە بۆ ئافرەتی کارکەری بیانی لە کافتریاکان دانراون روون نین و مافە یاساییەکانیان بۆ فەراهەم ناکرێت. بۆیە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە خستنەرووی ئەو ماف و پاراستنە یاساییانەی کە لە ڕێکەوتننامە و یاسا ناوخۆ بەرکارەکاندا بۆ کرێکاری ئافرەت دانراون و هەروەها دیارخستنی رادەی دەستەبەرکردنی ئەو ماف و پاراستنانە بۆ ئافرەتی بیانی کارکەر لە کافتریاکان هەرێمدا. ئەم توێژینەوەیە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی پشتی بە میتۆدەکانی بەراوردکاری و شیکاری بەستووە و هەروەها میتۆدی مەیدانیشی گرتووتەبەر بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو ئافرەتە بیانیانەی کەلە کافتریاکانی سۆران کار دەکەن. توێژینەوەکە گەیشتووتە ئەو راستییەی کە ئەوکرێکارە ئافرەتانە لەزۆربەی ئەو مافانەی بۆیان دیاری کراون، بێ بەش کراون؛ ئافرەتەکان بە شەوانە کاریان پێدەکرێت و بەهیچ شێوەیەك خاوەنی مۆڵەتی ڕۆژانە و ساڵانە نین کە یاسای کار بە کرێی تەواو بۆیانی دابین کردووە، و هەروەها جیاوازی کرێ هەیە لە کافتریاکان لەنێوان کرێکارە ئافرەتەکان کە ئەمەش دژیەکە لەگەڵ یاسای کار. لەکۆتایدا پێشنیار دەکرێت یاسای کار تەنها یاسایەکی نووسراو نەبێت بەڵکو یاسایەکی کردارەکی بێت لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا.

## پێشەکی

ئافرەتان هەمیشەو لەهەموو بوارەکانی ژیاندا شوێن و پێگەیان دیار بووە. لەگەڵ ئەوەی کە ئافرەت بوونەوەرێکی ناسکە و تایبەتمەندیەکی جەستەیی تایبەتی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە پیاو، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە پەروەردەکردنی خێزانی لەئەستۆدایە، هەموو کات هەوڵی داوە کەنەوەستێ لەکاروانی ژیان و بەردەوام بێ لەهاوبەشی کردن لەگەڵ پیاو لەکاروبارەکانی ڕۆژانەو ژیانی دا لەڕووی خێزانی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، ئابووری و کاردا، تابتوانێ باری ئابووری و دارایی خۆی و خێزانەکەی پەرە پێ بدات، بەتایبەتی لەم سەردەمەی ئێستادا کە وڵاتان بەگشتی بەدەست کەمی داهات و ئابووری گرفتارن و قەیرانی دارایی و ئابووری وای کردووە کرێکاران سنوری چەندان وڵات ببڕن بۆ بژێوی ژیانیان. دیارە لێرەدا ئافرەتیش بێ بەری نەبووە لەم تەنگەژە ئابوورییانە، بۆیە بۆ دەستکەوتێکی مادی و بەرزکردنەوەی ئابووری بڕیاری داوە کە سنوری وڵاتان ببڕێت و کاربکات. بەڵام ئافرەت لەپاڵ کارکردنی پێویستی بەپارێزگاری یاسایی هەیە تا نەتوانرێت لەبازاڕی کاردا خراپ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بە یاسا مافەکانی بپارێزرێت و ماف و پاراستنە یاساییەکانی بۆ دەستەبەر بکرێت.

**یەکەم: کێشەی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا تیشك دەخرێتە سەر کێشەیەك کە پێویستی بە چارەسەرێکی گونجاو هەیە، ئەویش لادانە لە مادەو بڕگەکانی یاسای کاری عێراقی ژمارە (٨٧) ی ساڵی1987ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان، سەرەڕای بوونی چەند کەم و کورتییێک تیایدا و هەروەها لادان لە مادەکانی چەندین ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار، چونکە لە هەرێمی کوردستاندا کار بە بەشێك لەمادەو بڕگەکانی یاساو ڕێکەوتننامە ئاماژە پێکراوەکان ناکرێت لەڕووی ماف و کاتی کارکردن و مۆڵەتەکان، جا چ لەلایەن خودی خاوەنکار بێت یاخود خودی ئافرەتی کرێکار.

**دووەم: پرسیارەکانی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە لێکدانەوەیەکی یاساییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاماژەپێکراوی سەرەوە لە ڕێگای وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوە، کە بریتین لە مانەی خوارەوە:

پرسیاری سەرەکی توێژینەوە: ئایا پاراستنە یاساییەکان کە بۆ ئافرەتی کارکەری بیانی لە کافتریاکانی هەرێمی کوردستان دانراون چین؟ توێژەران هەولیان داوە لە رێگەی وەڵامدانەوەی چەند پرسیارەکی لاوەکی، وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکیە بدەنەوە، کە ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرن:

١. مەبەست چی یە لەئافرەتی کرێکاری بیانی و گرێبەستی کار؟
٢. ئەو پاراستنە یاساییانە چین کە بۆ ئافرەتی کرێکاری بیانی دانراون لە یاسا ناوخۆو بەرکارەکان و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان؟
٣. ئایا لە کافتریاکانی سۆران، ئەو ماف و پاراستنانەی کە دیاری کراون بەپێی یاسا، بە ئافرەتی کریکار دەدرێت؟

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوە**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دیارخستنی ئەو پاراستنە یاساییانەی کە لە ڕێکەوتننامە و یاسا ناوخۆ بەرکارەکاندا هاتوون سەبارەت بە مافەکان و کارکردنی ئافرەتی کرێکار لە بازاڕی کاردا. ئامانجێکی تری ئەم توێژینەوەیە برێتیە لە خستنەرووی ڕادەی پێدانی مافە یاساییەکانە بە ئافرەتانی کرێکاری بیانی کە لە کافتریاکانی شاری سۆران کار دەکەن، لە لایەن خاوەن کارەکانیانەوە.

**چوارەم: گرنگی توێژینەوە**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە دیارخستنی ئەو پاراستنە یاساییانە دەبینێتەوە کە بۆ ئافرەتانی کرێکاری بیانی جێگیر کراون لە یاسا بەرکارەکاندا، لەگەل روونکردنەوەی چەندایەتی کارکردن بەو پاراستنانە لە کافتریاکانی شاری سۆران.

هەروەها ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات کە بەرچاو ڕوونیەك بخاتە بەردەم خوێنەر بەئاواتی ئەوەی ئەگەر تەنها یەك خوێنەری ئافرەت کرێکار بێت و بتوانێ لەو ڕێگایەوە ئەرك و مافی خۆی بزانێت و بەپێی یاسا بەرکارەکانی وڵات پارێزگاری لەخۆی بکات سەبارەت بەو مافانەی کەپێی دراوە بەپێی یاسا.

**پێنجەم: چوارچێوەی توێژینەوە**

چوارچێوەی توێژینەوەکە بریتیە لە خستنەرووی ئەو پاراستنە یاساییە شارستانیانەی کە بۆ ئافرەتی کرێکار جێگیر کراون لە یاسای کاری عێراقی بەرکار لە هەرێمی کوردستان و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا؛ و بەراوردکردنی یاسای عێراقی لەگەڵ یاسای کاری وڵاتانی مصر، کویت و سوریا بە مەبەستی خستنەرووی ئەو کەم و کورتییانەی کە تیایدا هەن. هەروەها لەم توێژینەوەیەدا کافتریاکانی شاری سۆران وەك نموونە وەرگیراون بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە تیایاندا کاردەکەن. ئەم توێژینەوەیە بەهیچ شێوەیەك باس لە پاراستنە یاساییە سزاییەکان ناکات کە بۆ ئافرەتی کرێکار جێگیر کراون لە یاسا ناوخۆیی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان؛ هەروەها باس لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانیان ناکات لە ڕوانگەی حوکمەکانی یاسای نێودەوڵەتی تایبەت.

**شەشەم: میتۆدی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بە هەردوو میتۆدی شیکاری و بەراوردکاری، کە هەڵدەستێ بە شیکردنەوە و بەراوردکردنی مادە وبڕگە پەیوەندیدارەکانی یاسای هەر یەک لە وڵاتانی عێراق، مصر، کویت و سوریا. لەبەشی سێیەمیشدا، توێژینەوەکە پشت بە میتۆدی مەیدانی دەبەستێت کە هەڵدەستێت بە ئاراستە کردنی چەند پرسیارێك و دواندنی هەندێك لەو ئافرەتە کرێکارە بیانیانە کە لە کافتریاکانی هەرێم کار دەکەن.

**حەوتەم: پێکهاتەی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە پێك دێت لە سێ بەشی سەرەکی. لە بەشی یەکەم و لە لە دوو باسدا ئافرەتی کرێکاری بیانی و گرێبەستی کار دەناسێنرێن. بەشی دووەم ئەو پاراستنە یاساییانە دەخاتەروو کە بۆ ئافرەتی کرێکار دابین کراون لە چوار باسدا کە بریتین لە: قەدەغەکردنی کاری شەوانە و زیانبەخش لە ئافرەتی کرێکار، مافە یاساییە بەخشراوەکان بە ئافرەتی کرێکار و قەدەغە کردنی کارکردنی لە کاتی دووگیانی و شیرداندا. لەبەشی سێیەمی توێژینەوەکە کە لە پێنج باس پێک دێت، چاوپێکەوتنێکی مەیدانی کراوە و لە نزیکەوە ئەو ئافرەتانەی دواندووە کە لە کافتریاکانی شاری سۆران کاردەکەن سەبارەت بە پێشێلکاریە یاساییە پەیوەندیدارەکان بە ئافرەتی کرێکار لەڕووی کات، مۆڵەتە دیاری کراوەکان، گرێبەستی کارکردن، کرێی کارکردن و پێشێلکارییەکانی دیکە بەرامبەر پاراستنە یاساییەکانی ئافرەتی کریکار. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا، کۆمەڵێک دەرئەنجام و پێشنیار خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم

## چوارچێوەی تێگەیی بۆ ئافرەتی کرێکاری بیانی و گرێبەستی کار

سەرەتا بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە بابەتەکە و ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوە، هەوڵدەدەین کە ناساندنێك بکەین بۆ ئافرەتی کرێکاری بیانی و گرێبەستی کار لە دووباسدا. سەرەتا لە باسی یەکەم ناساندنێك بۆ ئافرەتی کرێکاری بیانی دەکەین کە کێ یەو چۆن پێناسەی بۆ کراوە لەیاسا ناوخۆو بەرکارەکانی هەندێك لە وڵاتان، و دواتر لەباسی دووەمیدا باس لە گرێبەستی کار و ڕەگەزەکانی دەکەین.

### باسی یەکەم

### ناساندنی ئافرەتی کرێکاری بیانی

د.حسنە بیجوم دەڵێ: "خێزان هەموو شتێك نییە لە ژیانی ژندا، پێویستە ژن پشت بەخۆی ببەستێت و بیری ئازاد بێت، پێویستە ژن توانای ئەوەی هەبێت بە ئەقڵ و لۆژیك بڕوانێتە هەموو بوارەکانی خۆی، ئەو خەونەش بەوە دێتە دی کە ژن بخوێنێ و فێر ببێ و بگاتە ئابووریەکی سەربەخۆی خۆی..."[1] کەواتە هەروەک د.بیجوم تیشکی خستۆتە سەر پێویستە ئافرەت لەهەر بارودۆخێك دابێت پشت بەخۆی ببەستێت و بخوێنێت و کار بکات بۆ ئەوەی بتوانێت ببێت بەخاوەنی بڕیارو ئابوری سەربەخۆی خۆی. وەك ئەشزانرێت لەم سەردەمەی ئێستادا ئافرەتان لە زۆربەی سیکتەرەکانی ژیانی ڕۆژانەدا بەشداریان هەبووەو لە ماڵ هاتۆتە دەرەوەو لەکایەو مەیدانی ژیاندا شوێن پەنجەی خۆی بەدیار خستووە. پێش ئەوەی باس لە پاراستنە یاساییەکانی ئافرەتی کرێکاری بیانی بکرێت، پێویستە بزانرێت ئافرەتی کرێکاری بیانی کێیە. دوای لێکۆڵینەوە لە توێژینەوە و نووسراو و بابەتەکانی پێشوو و یاسا بەراوردکارییەکان نەتوانرا پێناسەیەکی ڕوون بدۆزرێتەوە کە ئاماژە بە دەستەواژەی ئافرەتی کرێکاری بیانی بەمانا تەواوەکەی بکات؛ هەرچەندە یاسا بەراوردکارییەکان تەنانەت پێناسەی کرێکاری بیانیشیان لەخۆ نەگرتووە. بۆیە پێویستە ئەم دەستەواژەیە شی بکرێتەوە بەسەر پێکهاتەکانی و هەر یەك لە کاراکتەری ناو دەستەواژەکە بە جیا بناسێنرێت و دواتر بە هەڵێنجان و تێهەڵکێشانی ئەو ناساندنانە لەبەرگێکی نوێدا ناساندنێك بۆ ئەم ناونیشانە بدۆزرێتەوە و وەك پێناسەیەك بەکاربهێنرێت کە ئافرەتی کرێکاری بیانی بە مانای تەواوەتی کێ یە. بەم شێوەی خوارەوە:

یاسای کاری ژمارە (71)ی ساڵی 1987ی هەموارکراو لە عێراق و بەرکار لە هەرێمی کوردستان پێناسەی کرێکاری کردووە بەوەی "مەبەست لەکرێکار بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە هەر کەسێك کارێك بکات لەبەرامبەر کرێ و لەکارەکەیدا پاشکۆی ڕێنوێنی و بەڕێوەبردنی خاوەنکار بێت کەمەبەست لێی کەسی سروشتی یاخود واتاییە کە کرێکارێك یاخود زیاتر بەکار دەهێنێت لەبەرامبەر کرێدا".[2] لە یاسای کاری عێراقی ژمارە (37) ساڵی 2015 دا هاتووە کرێکار "هەموو کەسێکی سروشتی چ نێر بێت یاخود مێ لەژێر ڕێنوێنی و سەرپەرشتی خاوەن کارو لەژێر چاودێری بەڕێوەبردنیدا، جا بە گرێبەستێکی نووسراو یاخود زارەکی کار بکات، بەئاشکرا یاخود نهێنی، یان وەك ڕاهێنان یان تاقی کردنەوە، کارێکی هزری یان جەستەیی ئەنجام بدات بەرامبەر بە کرێیەك هەرجۆرێك بێت بە پێی ئەم یاسایە".[3] لێرەدا دەتوانرێت تێبینی ئەوە بکرێت کە یاسای کاری عێراقی 2015 بەشێوەیەکی ڕوونتر پێناسەی کرێکاری کردووە. کەواتە هەر کەسێکی سروشتی لەژێر فەرمانی کەسێکی تر و لەژێر سەرپەرشتی خاوەن کارێك لە هەر شوێنێك کار بکات پێی دەگوترێت کرێکار و گرنگ نییە کە ئەو کرێکارە ئیشەکەی بە پسپۆرییە یاخود نا، هزرییە یاخود بەدەنی، ئەوەی گرنگە ئەو کارەی کە ئەو کرێکارە ئەنجامی دەدات بۆخۆی نییە بەڵکو بۆخاوەن کارەو لەژێر ڕێنمایی ئەودا کارەکە دەکات.

---

[1] د.حسنە بیجوم، ژن لەجیهانی سێدا: ئامانج_بیروڕاکان، وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە:چرۆ سابیر، چ١، چاپخانەی ئازادی، 2007، لا 70.

[2] یاسای کاری عێراقی ژمارە (71) ی ساڵی 1987ی هەموارکراوی بەرکار لەهەرێمی کوردستان، مادە(8) بڕگەی دووەم.

[3] یاسای کاری عێراقی ژمارە (37) ی ساڵی 2015، مادە(1)بڕگەی شەشەم. یاساکە بڵاوکرایتەوە لە وەقایعی عراقی ژمارە (٤٣٨٦) لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١١/٩.

سەبارەت بە ناساندنی بیانی (بێگانە) یاخود کەسی بیانی، لەیاسای نیشتەجێ بوونی بێگانەکان ژمارە (76)ی ساڵی 2017 ی عێراقی، لە بەشی پێناسەکان پێناسەی بێگانەی کردووە بەوەی "هەر کەسێك ڕەگەزنامەی عێراقی نەبێت".[1] هەروەها ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٣ پێناسەی بیانی کردووە بەوەی "هەر کەسێك ڕەگەزنامەی عێراقی هەڵنەگرتبێت و بیەوێت کار بکات لە هەرێمی کوردستان – عراق بە سیفەتی کرێکار لە کەرتەکانی تایبەت و تێکەڵاوو هەرەوەزی".[2] کەواتە دەتوانرێت بگووترێت کە کەسی بیانی ئەو کەسەیە کە لە وڵاتێکی تر نیشتەجێ یە و سیفەتی هاوڵاتی بوونی ئەو وڵاتەی نییە کە لێی ئەژیت جا بەهەر هۆکارێك بێت.

ڕێنمایی تایبەت بە کرێکاری بیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ی هەرێمی کوردستان پێناسەی کرێکاری بیانی کردووە بەوەی بریتیە لە "هەر کەسێکی سروشتی کە هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی نییە و کاردەکات یان ئارەزووی کارکردنی هەیە لە هەرێم بە سیفەتی کرێکار".[3] هەروەها پرۆژە یاسای کار لە هەرێمی کوردستانیش[4] پێناسەی کرێکاری بیانی کردووە بەوەی بریتیە لە "هەر کەسێکی سروشتی کە هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی نییە و لە عێراق کاردەکات یان نیازی وایە بە سیفەتی کرێکارکار بکات".[5] لێرەدا پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کە لەم دوو پێناسەیەدا دەستەواژەکانی ئارەزووی کارکردن و نیازی کارکردن بەکارهاتوون، کە پێمان وایە لە گەڵ پێناسەکردنی کرێکار ناگونجێن چونکە ناکرێت کەسێک کە تەنها ئارەزوو یان نیازی کارکردنی هەبیت بە کرێکار دابنرێت.

لە کۆتایی ئەم باسەدا و دوای ناساندنی هەر یەکێك لە کرێکار و کەسی بیانی، و وردبوونەوە لە دەستەواژەی ئافرەت، ئەتوانرێت پێناسەی ئافرەتی کرێکاری بیانی بکەین بەوەی کە: ئەو ئافرەتەیە کە هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی نییە و لە عێراق کاردەکات لەژێر ڕێنوێنی و سەرپەرشتی خاوەن کار و لەژێر چاودێری بەڕێوەبردنیدا بەرامبەر بە کرێیەکی دیاریکراو و بە پێی گرێبەستێکی نووسراو، جا ئەم کارکردنەی هزری بێت یاخود جەستەیی.

## باسی دووەم
## ناساندنی گرێبەستی کار

بێگومان وەك ئەزانرێت یاسا زۆر لەو کاروبارانەی کە پەیوەندی دارن بە ژیانی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا ڕێك خستووە و ماف و ئەرکی بۆ دیار کردوون. کەواتە ئەبێت تاکەکان لە ئەنجامدانی هەر کارێك کە بەیاسا ڕێك خرابێت پابەند بن بەو شێوازەی کە دیاری کراوە. بێگومان گرێبەستی کاریش بەیەکێك لە گرنگترین ئەو بابەتانە دادەنرێت کە دەسەڵاتی یاسادانان لە وڵاتان هەوڵی بۆی داوەو ویستوویەتی بە شێوازێك ڕێکی بخات کە هەم ماف و هەمیش ئەرکی لایەنەکان بە ڕوون و ئاشکرا دیار بێت. بۆیە لەم باسەدا گرێبەستی کار دەناسێنرێت بەپێی یاسای بەرکارەکانی عێراق و یاسای چەند وڵاتێك و بە کورتیش و ڕەگەزەکانی دەخرێتە ڕوو، بەم شێوەی خوارەوە:

لە یاسای کاری عێراقی بەرکار لە هەرێمی کوردستاندا هاتووە گرێبەستی کار "بریتییە لە ڕێکەوتن لەنێوان کرێکارو خاوەنکار، کرێکار تێیدا پابەند دەبێت بەئەنجامدانی کارێکی دیاری کراو بۆ خاوەنکار بەگوێرەی ڕێنوێنی و بەڕێوەبردنی و

---

[1] قانون اقامة الاجانب رقم (76 )ی ساڵی 2017، المادة (1) فقرة الثانية.

[2] ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٣ تایبەت بە کارکردنی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق،مادە(1)بڕگەی یەکەم. بڵاوکرایتەوە لە وەقایعی کوردستان ژمارە (١٦٦) لە رێکەوتی ٢٠١٧/٧/١١.

[3] ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ی هەرێمی کوردستان تایبەت بە کرێکاری بیانی، مادە (١). بڵاوکرایتەوە لە وەقایعی کوردستان ژمارە (٢٩٥) لە رێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/٢٢.

[4] پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە پرۆژە یاسای کار لە هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوێنراوە، بەلام ڕێکارەکانی بوون بە یاسای تەواونەکراوە.

[5] پرۆژە یاسای کار لە هەرێمی کوردستان- عێراق، مادە (١).

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

خاوەنکار تێیدا پابەند دەبێت بەپێدانی ئەو کرێیەی کەلەسەری ڕێك کەوتوون بەکرێکار." [1] هەروەها تیایدا هاتووە دەبێت گرێبەستی کار نووسراوبێت و تێیدا جۆری کارو بڕی کرێ دیاری بکرێت و لەحاڵەتی نەنووسینی گرێبەست، بۆ کرێکار هەیە گرێبەستەکە بسەلمێنێت وە ئەو مافانەی لەبارەیەوە سەر هەڵدەدات بەهەموو ڕێگاکانی سەلماندن.[2] ڕێنمایی تایبەت بە کرێکاری بیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ی هەرێمی کوردستانیش پێناسەیەکی تاڕادەیەک هاوشێوەی پێناسەی سەرەوەی لەخۆ گرتووە کە لە مادە (١)یدا هاتووە "گرێبەستی کارکردن: ڕێکەوتنێکە کە لە نێوان کرێکار و خاوەنکار دەکرێت، کرێکار پابەند دەکات بە ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو بۆ خاوەنکار لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی خاوەنکار، خاوەنکاریش پابەند دەکات بە پێدانی ئەو کرییەی کە لەسەری ڕێکەوتوون." هەروەها یاسای کاری عێراقی ساڵی 2015 پێناسەی گرێبەستی کاری کردووە بەوەی "هەر ڕێکەوتنێك ڕوون بێت یان ئاشکرا، زارەکی بێت یاخود نووسراو بێت، کە بەگوێرەیەوە کرێکار بەکارێك هەڵبستێ، یاخود خزمەتگوزارییەك پێشکەش بکات لەژێر کارگێڕی و چاودێری خاوەنکار، بەرامبەر بە کرێیەك هەر جۆرێك بێت."[3] کەواتە لێرەدا ئەم یاسایە بۆ لایەنەکانی بەجێ هێشتووە کە چۆن ڕێك دەکەون و بە چ شێوازێك گرێبەستەکە دەکەن.

لەیاسا بەراوردکارییە بیانییەکانیش دەتوانرێت بگوترێت بەهەمان شێوازی یاسا ناوخۆییەکان ناساندن بۆ گرێبەستی کار کراوە. یاسای کاری سوریا ژمارە(١٧)ی ساڵی ٢٠١٠ لە بەشی یەکەمی دەروازەی پێنجەم پێناسەی گرێبەستی کاری کردووە بەوەی" گرێبەستی کارکردنی تاکەکەسی بریتییە لە گرێبەستێک کە بەپێی ئەو گرێبەستە کرێکار پابەندە بە کارکردن بۆ خاوەنکارێک و لەژێر دەسەڵات و چاودێری ئەودا لە بەرامبەر کرێیەکدا."[4] هەروەها یاسای کاری مصری ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٣ ئاماژەی بە گرێبەستی کار داوە بەوەی " ... ئەو گرێبەستەی کە بەگوێرەیەوە کرێکار بەڵێن دەدات کە کار بۆ خاوەنکار بکات لە ژێر بەڕێوەبردن یان چاودێری ئەودا لە بەرامبەر کرێیەکدا."[5] یاسای کاری کوەیتی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ تایبەت بە کارکردن لە کەرتی تایبەت پێناسەی گرێبەستی کاری نەکردووە بەڵکو مەرجەکان و چۆنیەتی ئامادەکردنی باسکراوە.[6]

لێرەدا دەردەکەوێت کە گرێبەستی کار خۆی لە چەند ڕەگەزێك دەبینێتەوە کە جیای دەکاتەوە لە باقی گرێبەستەکانی تر، کە ئەوانیش ڕەگەزی کار، کرێ و شوێنکەوتن. کار بە گرنگترین ڕەگەز لە ڕەگەزەکانی گرێبەستی کار و بە بابەت (محل)ی گرێبەستی کار دادەنرێت و ئەو ڕەگەزەیە کە خاوەنکار گرێبەستەکەی لەپێناوی ئەنجام دەدات و ئەو هەوڵ و کۆششەشە کە کرێکار ئەنجامی ئەدات بۆ ئەوەی لەبەرامبەردا دەستکەوتێکی دەست بکەوێت. ئەوەی پێویستە بگوترێت نابێت ئەو کارە دژی ڕەوشتی گشتی و سیستەمی گشتی کۆمەڵگا بێت، ئەگەر نە گرێبەستەکە بە پوچەڵ دادەنرێت. کرێش بەدووەم ڕەگەز دادەنرێت و ئەو ڕەگەزەیە کە کرێکار هەموو ئەو ماندووبونەو کارەی بەئەنجامی ئەدات لەپێناو ئەو بەرامبەرەیە کە وەری دەگرێت جا هەر جۆرێك بێت. کەواتە کارو کرێ تەواو کەری یەکترن لە گرێبەستی کاردا، و ئەگەر ئەو کارەی کە کرێکار ئەنجامی ئەدات بێ بەرامبەر بوو ئەوا ئەو بنەمایەی کە گرێبەستی کاری لەسەر وەستاوە بەدی نایەت و وەك خۆبەخشی لێ دێت.

سەبارەت بە ڕەگەزی شوێنکەوتن، ئەوەیە کە کرێکار لەپێناو خاوەنەکەی و بۆ بەرژەوەندی ئەو و لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی ئەو کارەکە ئەنجام بدات. زۆر کەس کارێك بۆ کەسێکی تر ئەنجام دەدات، بەڵام یاسای کاریان لەسەر جێ بەجێ نابێت، سەرەڕای بوونی هەردوو ڕەگەزی کارو کرێ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە بەسەربەخۆ کارەکە ئەنجام ئەدەن، ئەو سەربەخۆییە وای کردووە کە گرێبەستی کار نەبێت، چونکە لە گرێبەستی کار پێویستە کرێکار شوێنکەوتەی خاوەنکار

[1] یاسای کاری عێراقی ژمارە (71)ی ساڵی 1987 ی هەموارکراوی بەرکار لەهەرێمی کوردستان، مادە(29).
[2] یاسای کاری عێراقی ژمارە (71)ی ساڵی 1987 ی هەموارکراوی بەرکار لەهەرێمی کوردستان، مادە(30).
[3] یاسای کاری عێراقی بەرکار ژمارە(37)ی ساڵی 2015، مادە(١) بڕگە (٩).
[4] قانون العمل السوريا رقم (17) لسنه 2010، ماده (٤٦).
[5] قانون العمل المصري رقم (12) لسنة 2003 ،مادە(٣١).
[6] قانون العمل الكويتی رقم (٦) لسنة ٢٠١٠ في شأن العمل في قطاع الاهلي،مادە(٢٧-٣١).

بێت. مەبەستیش لێی شوێنکەوتووی یاساییە نەوەك ئابوری.[1] دەکرێت ڕەگەزێکی تریش بۆ ڕەگەزەکانی گرێبەستی کار زیاد بکرێت ئەویش ڕەگەزی ماوەیە (المدة)، بەڵام بەپێی یاسای کاری عێراق و یاسای کاری عێراقی بەرکار لە هەرێمی کوردستان، هەروەك لە پێناسەکان کە بۆ گرێبەستی کاریان کردووە بەدیار دەکەوێت کە ماوە وەك ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی گرێبەستی کار دانەندراوە.

## بەشی دووەم

## پاراستنە یاساییەکانی ئافرەتی کرێکار

وڵاتان بەگشتی لەباس و خواستی کارکردن جەخت لەسەر بنەما و پرەنسیپێکی گرنگ دەکەنەوە کە ئەویش یەکسانییە لە نێوان ئافرەت و پیاو لە کاردا، بەبێ جیاوازی دین، زمان، ڕەنگی پێست، بیروبۆچوون و ڕەگەز. هەروەك دەستوری هەمیشەیی عێراقی ساڵی ٢٠١٥ جەختی لەسەر ئەو بنەما گرنگە کردۆتەوە وزۆر بە ڕاشکاوانە تیایدا هاتووە " کارکردن مافی هەموو عێراقیەکانە بەجۆرێك کە ژیانێکی ئاسودەیان بۆ مسۆگەر بکات".[2] هەروەها چەندین پەیماننامەی نێودەوڵەتی واژووکراون کە بنەمای ئاماژەپێکراو لەخۆ دەگرن و عێراق واژووی لەسەر بەشێك لەم پەیماننامانەدا کردووە . برگەی دووەمی بەندی (٢٣) لە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ باس لەو یەکسانیە دەکات.[3] پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری لە بەندی حەوتەمدا جەخت دەکاتەوە لەسەر مووچەی دادپەروەرانە و کرێی کاری یەکسان و بەتایبەت ئاماژە بەوە دەکات کە نابێت ئافرەت کەمتر سودمەند بێت لە پیاوان لە کاردا.[4] هەروەها لە پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی بنبڕکردنی هەموو جۆرەکانی هەڵاوێردی نەژادی، لە بەندی پێنجەمدا باسی قەدەغەکردنی هەموو جۆرە جیاوازیەك لە مافەکانی هاوڵاتیان لەڕووی ئابوری کۆمەڵایەتی و مافە مەدەنی و ڕامیاریەکان ئەکات و جەخت لە مافی کارکردن، هەڵبژاردنی ئازادانەی دامەزراندن، بۆ مەرجەکانی کارکردن و مافی هەمان مووچە بۆ هەمان کار. بە مووچەیەکی دادپەروەرانە ئەکاتەوە.[5]

لە گرنگترین ئەو پەیماننامانەی کە لە بەژەوەندی ژیانی ئافرەتدا واژوو کراوە، پەیماننامەی بنبڕکردنی هەموو جۆرە هەڵاوێردنێك دژ بە ئافرەتانە کە ناسراو بە سیداو (CIDAW)[6] کە عێراق واژووی لەسەر کردووە و بە یاسای ژمارە (٦٦)ی ساڵی ساڵی ١٩٨٦ پەسەندی کردووە. مادە یازدەمی ئەم پەیماننامەیە چەند خاڵێك لەخۆ دەگرێت و جەخت لەسەر یەکسانی لە کارو مووچەدا دەکاتەوە. ئەوەی زۆر گرنگە لەم پەیماننامەیەدا جەخت کردنەوەیە لەوەی کە دەبێت وڵاتان پێوەری گونجاو بگرنەبەر بۆ ئەوەی کە دەرکردنی ئافرەتان لەسەر کار بەبیانووی سك پڕی و دایکایەتی یان بەهۆی هاوسەرگیرییەوە قەدەغە بکەن، مۆڵەتی منداڵبوون بە مووچە یان یارمەتییە کۆمەڵایەتییەکان بە بێ لە دەستدانی کارەکانیان بناسێنن، هانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە پاڵپشتە پێویستەکان بۆ خێزان بدەن، و پاراستنی تایبەت بۆ ژنان لە کاتی دووگیانیدا لەو جۆرە کارانەی کە زیانبەخشن بۆیان دابین بکەن.[7]

بۆ ئەوەی ئافرەت لەڕووی کۆمەڵایەتی و خێزانییەوە لە بارووداۆخێکی سەقامگیر دا بژیت و پارێزراویش بێت لەڕووی تەندروستیەوە، وڵاتان بەو مافە سەرەتاییانەی سەرەوە نەوەستاون بەڵکو چەند پاراستنێکیان بۆ ئافرەت داناوە.

[1] ڕێبوار مغدید هاودیانی، یاسای کار لەژێر ڕۆشنایی یاسای بەرکار لەهەرێمی کوردستان ژمارە (٧١)ی ساڵی 1987 و یاسای کاری عێراقی ژمارە (37)ی ساڵی 2015، چ١، کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانێ، 2019، لا 100.

[2] دستوری هەمیشەیی عێراقی ساڵی 2005، مادە(22)بڕگەی یەکەم.

[3] See Universal Declaration of Human Right 1948, article(23)2.

[4] International Covenant on Economic, Social and Cultural Rights 1976, article(7) a(i).

[5] International Convention on the Elimination of All Forms of Racial Discrimination 1969, article(5) d(i).

[6] Convention on the Elimination of All Forms of Discrimination Against Women 1979.

[7] Convention on the Elimination of All Forms of Discrimination Against Women 1979, Article (11)2 (a-d).

یاسادانەری عێراقیش وەکو زۆربەی یاسادانەری ولاتان کۆمەڵێک پاراستنی بۆ ئافرەتی کرێکار جێگیر کردووە کە لەم بەشەدا باسیان لێوە دەکەین بە بەراورد لەگەل یاسای کاری چەند وڵاتێک. لێرەدا پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کە یاساکان جیاوازیان نەکردووە لە نێوان ئافرەتی کرێکاری ناوخۆیی و بیانی، بۆیە هەمان پاراستنە یاساییەکانی کرێکاری ناوخۆیی بۆ کرێکاری ئافرەتی بیانی جێگیر دەبن، کە گرنگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە:

### باسی یەکەم
### قەدەغە کردنی کاری شەوانە لە ئافرەتی کرێکار

وەك دەزانرێت و ئاشکرایە ئافرەت دەورێکی باڵاو گرنگی هەیە لە نیو خێزان؛ ئارامی ماڵ و خێزان پەیوەستە بە بوونی ئافرەت، بەتایبەتی لە شەواندا. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە، کەوا وڵاتان بە وردی لەو بابەتەیان ڕوانیوە و لە یاساکانیان دەقیان لەسەر ئەوە داوە کە نابێت ئافرەت هەندێکجار لەشەودا کار بکات، چونکە ئەگەر شەویش هەر بەردەوام بێت لەکار هەم لەڕووی تەندروستیەوە توشی گرفت و ماندوبوون ئەبێت، هەمیش لەڕووی خێزانییەوە توشی دورکەوتنەوەو نا ئارامی خێزانی ئەبێت. پەیماننامەی ژمارە (1)ی تایبەت بە ئاستی کاری عەرەبی هەموار کراو بە پەیماننامەی ژمارە (6) ی ساڵی 1976 دەقی لەسەر ئەوە کردووە کە "ناکرێ کار بە ئافرەتی کرێکار بکرێت لە شەودا، وە دەسەڵاتی تایبەتمەند لە هەر دەوڵەتێك مانای شەو دیاری دەکات بەو پێیەی کە دەگونجێ لەگەڵ کەش و هەوا، شوێن، وە دابونەریتی ئەو وڵاتە".[1] لە برگە یەکەمی مادە (83)ی یاسای کاری عێراقی ساڵی ١٩٨٧ی بەرکار لە هەرێمی کوردستاندا هاتووە کە "ناکرێ کار بە ئافرەت بکرێت لەشەودا تەنها ئەگەر هاتوو کارەکە پەیوەندیدار بێت بە کەل و پەلی سەرەتایی، یاخود بەرهەمێك کەمەترسی تێکچوونی لەسەر بێت بەخێرایی و کارکردن لەشەودا پێویست بێت بۆ پارێزگاری لێکردنی". برگەی دوووەمی هەمان مادە باس لە ماوەی حەسانەوەی ڕۆژانە کردوە کە پێویستە بەئافرەت بدرێت بۆ ماوەی یازدە کاتژمێر لە ڕۆژێکدا، بەڵام پێویستی کردووە حەوت کاتژمێری بکەوێتە کاتی شەو، لەنێوان کاتژمێر 9 ی شەو تاوەکو 6 ی بەیانی. هەمان بڕگەکانی سەرەوە لە مادە(٨٦)ی یاسای کاری عێراقی ساڵی ٢٠١٥ جێگیر کراون، تەنها زیادکردنێکی بۆ برگەی یەکەمی کراوە کە ئەویش ئەگەر هاتوو باری لەناکاو رووی دا و کاری وەستاند لە پرۆژەیەك کە چاوەڕوانکراو نەبوو ئەو بارە لەناکاوە ڕووبدات، بەڵام بەمەرجێك دووبارە نەبێتەوە. لە برگەی سێیەمی هەردوو مادەی ئاماژەپێکراودا هاتووە کە دادکارییەکانی برگەی یەکەم لەسەر ئەو کرێکارانەی خوارەوە جێ بەجێ ناکرێ، ئەوانیش:[2]

أ. ئەو کرێکارانەی لە کاری کارگێری کاردەکەن (یاسای کاری عێراقی نوێ بازرگانیشی خستۆتە ناو ئەو پۆلێنە).
ب. ئافرەتی کرێکار لە خزمەتگوزاریە تەندروستییەکان یاخود خۆشگوزەرانییەکان .
ج. ئافرەتی کرێکار لە گواستنەوەو گەیاندن.

لێرەدا پێویستە وەستانێك لەسەر برگەی سێیەمی هەردوو یاساکە بکرێت، یاسای کاری عێراقی ساڵی ٢٠١٥ کە کاری بازرگانی زیادکردووە، پێمان گونجاو نیە چۆنکە کاری بازرگانی زۆر فراوانە و دەکرێت زۆر شت لەخۆ بگرێت. هەروەها لە خاڵی (ب) کە پێویستە بپرسین مەبەستی یاسادانەر چی بووە لە کاری خۆشگوزەرانی؟ کاری خۆشگوزەرانی زۆر شوێن و حاڵەت دەگرێتەوە کە ڕەنگ بێت زیانێکی زۆر بە ئافرەت بگەیەنێت، هەم لە ڕووی تەندروستییەوە، هەمیش لەڕووی دەروونییەوە، بۆیە پێشنیار دەکەین یاسادانەر کاری خۆشگوزەرانییەکان لابدات. پرۆژە یاسای کاری هەرێمی کوردستان تەنها برگەی دووەمی هەردوو مادە ئاماژەپێکراوەکانی سەرەوەی جێگیر کردووە و دوو برگەکەی تری لاداوە کە کارکردنی شەوانەی ئافرەتی بە ئاشکرا قەدەغە نەکردووە و تەنها پێویستی کردووە کە ماوەی (١١) کاتژمێر حەسانەوەی ڕۆژانە بدرێتە ئافرەت کە بە لایەنی کەم حەوت کاتژمێری لە شەودا بێت (کاتژمێر 9 ی شەو تاوەکو 6 ی بەیانی).[3] سەبارەت بە یاسا بەراوردکارییەکان، یاسای کاری مصری لە دەروازەی تایبەت بە کارکردنی ئافرەت، ئاماژەی بەوە کردووە کە "بڕیارێك

---

[1] الاتفاقية العربية رقم (1) لعام (1966) معدل بأتفاقية رقم (6) لعام (1976) بشأن مستويات العمل، مادة (69).
[2] یاسای کاری عێراقی بەرکار ژمارە(37)ی ساڵیی 2015، مادە(٨٦) بڕگە (3).
[3] پرۆژە یاسای کار لە هەرێمی کوردستان- عێراق، مادە (٧٨) دووەم.

لەوەزیری تایبەتمەند دەردەچێت سەبارەت بەو کاروبار و بۆنانەی کە ناکرێ ئافرەت کاری تێدا بکات لەنێوان کاتژمێر ٩ شەو تاکو ٧ی بەیانی".[1] بەهەمان شێوە یاسای کاری سوریا ئاماژەی بەوە کردووە کە "بە بڕیارێك لەلایەن وەزیر ئەو کاروبار و بۆنانە دیاری دەکرێن کە ئافرەت دەتوانێ کاری تێدا بکات لە شەودا..... ".[2] ئەوەی جێی سەرنجە هەر یەك لە یاساکانی مصر و سوریا، دیاریان نەکردووە کە چ کارێك ڕێگە پێدراوە بۆ کارکردنی ئافرەت لە شەودا و چ ڕێگە پێ نەدراوە، بەڵکو ئەوەیان جێ هێشتووە بۆ خەمڵاندنی وەزیری تایبەتمەند، بەپێچەوانەوە، یاسادانەری عێراقی هەندێك کاری بەدەر کردووە کە یەکێك لەو کارانە کاری شەوانەی خۆشگوزەرانی (ترفيهي) کە لەسەرەوە ئاماژەی پێ کراوە. یەکێک لە گۆنجاوترین ڕێکخستنەکان کە بۆ کاری ئافرەتان لە شەودا کراوە، یاسای کاری کوەیتی تایبەت بە کارکردن لە کەرتی تایبەتە کە لە مادە (٢٢)یدا هاتووە "ناکرێ کار بە ئافرەتی کرێکار بکرێت لە نێوان کاتژمێر ١٠ ی شەو تاکو 7 ی بەیانی، جگە لەو کارانەی کە لە نەخۆشخانەکان و کلینیکەکان و دەوری چارەسەری کۆمەڵگا و دامەزراوەکانی تر کە وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بڕیاری لەسەر دەدات، وە پێویستە لایەنی خاوەنکار پابەند بێت بە دابینکردنی پێداویستییەکانی پاراستن بۆیان لەگەڵ دابینکردنی ڕێگاکانی گواستنەوە لەلایەن خاوەنکار".[3]

### باسی دووەم
### قەدەغەکردنی کاری زیانبەخش لە ئافرەتی کرێکار

قەدەغەکردنی کاری زیانبەخش و ماندووکەر سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەیماننامەی ژمارە (1)ی ساڵی 1966 سەبارەت بە ئاستی کارکردن کە هەموارکراو کە لە مادە (68)دا هاتووە "قەدەغەیە ئافرەت کار بکات لە کانەکان لە ژێر زەوی، وە هەموو جۆرە کارێکی مەترسیدار، یان زیانبەخش بە تەندروستی، یان ماندووکەر کە یاسا دیاری دەکات، یان بڕیارەکان و ڕێنمایی تایبەت لەهەر دەوڵەتێك".[4]لە پەیماننامەی عەرەبی تایبەت بە ئافرەتی کرێکار لە مادە (6) کەتایبەتە بە بارودۆخی کارو پاراستنی ئافرەت، هاتووە "قەدەغە دەکرێ کارکردنی ئافرەت لەو کارانەی کە مەترسیدارن یان ماندووکەرن یان زیانبەخشن بۆ تەندروستی و ڕەوشت کە یاسای هەر وڵاتێك دیاریان دەکات".[5] لە یاسای کاری عێراقی بەرکار لەهەرێمدا هاتووە "ناکرێ کار بە ئافرەتی کرێکار بکریت لە کاری قورس و زیانبەخش کە دیار دەکرێن بە ڕێنمایی بەپێی مادە (57) ی ئەم یاساییە." [6] کە لە مادە (57) دا هاتووە خاوەن کارەکان کاری زیانبەخش و ماندووکەر دیاری دەکەن بە پێی ئەو ڕێنماییەی کە وەزیری تایبەتمەند دەری دەکات لەسەر پێشنیاری ناوەندی نیشتیمانی بۆ تەندروستی و سەلامەتی کار. هەمان دەقی مادەکانی سەرەوە لە مادەکانی (٨٥ و ٦٧)ی یاسای کاری عێراقی ساڵی ٢٠١٥، جێگیر کراونەتەوە. هەروەها لە مادە (٩٠)ی یاسای کاری مصریشدا هاتووە "بڕیارێك لەوەزیری تایبەتمەند دەردەچێت سەبارەت بەو کارانەی کە زیانبەخشن لەڕووی تەندروستی و ڕەوشتەوە و هەروەها ئەو کارانەی کەوا ماندوکەرن وە کاری تر کە ناکرێ کاربە ئافرەت بکرێت". یاسای کاری سوریش لە مادەی (120) کە قەدەغەکردنی کاری شەوانەی ئافرەتی کرێکاری جێگیر کردوە، لە درێژەی دەقی مادەکەدا تیشك دەخاتە سەر ئەوەی کەوا بڕیارێك لەوەزیری تایبەتمەند دەردەچێت سەبارەت بەقەدەغەکردنی کاری زیانبەخش بۆ ئافرەت لەڕووی تەندروستی و ڕەوشتەوە و هەروەها کاری تر کە ناکرێ کار بە ئافرەت بکرێ تیایاندا.

یاسای کاری کوەیتی ڕێکخستنیکی گۆنجاوی بۆ ئەم بابەتەش کردووە کە لە مادە (٢٣)دا هاتووە "قەدەغەیە کارکردن بە ئافرەتی کرێکار لە کاری مەترسیدار یان ماندوکەر یان زیانبەخش بە تەندروستی، هەروەها قەدەغەیە کارپێکردنی لەو کارانەی کە زیانبەخشن بۆ ڕەوشتی ئافرەتەکە و لەسەر بنەمای بەکارهێنانی مێینەیی ئەو (انوثتها) بە

[1] قانون العمل المصري رقم (12) لسنة 2003 ،ماده(89).
[2] قانون العمل السوريا رقم (17) لسنه 2010، ماده (120).
[3] قانون العمل الكويتي رقم (٦) لسنة ٢٠١٠ في شأن العمل في قطاع الاهلي،ماده(٢٢).
[4] الاتفاقية العربية رقم (1) لعام (1966) معدل بأتفاقية رقم (6) لعام (1976) بشأن مستويات العمل، ماده(68).
[5] الآتفاقية العربية رقم (5) لعام (1976) بشأن المرأة العاملة ،ماده(6).
[6] یاسای کاری عێراقی ژمارە(71)ی ساڵی 1987 ی هەموارکراوی بەرکار لەهەرێمی کوردستان،مادە(81).

شێوەیەک کە لەگەڵ ڕەوشتی گشتیدا ناگونجێت، وە هەروەها قەدەغە دەکرێ لەو شوێنانەی کە خزمەتکردنی تەنها بۆ پیاوان بێت، ئەم کار و شوێنانە دیاری دەکرێن بە بڕیاری وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی و کار دوای ڕاوێژکردن لەگەل لیژنەی ڕاوێژکاری کاروباری کار و ڕێکخراوی تایبەتمەند". هەروەک دەزانین ئافرەت بوونەوەرێکی ناسکە کە لەڕووی تەندروستیەوە زەرەری پێدەگات، بەڵام زەرەری گەورەتر ئەوەیە کە ئافرەت توشی زیان بێت لەڕووی ئەخلاق و ڕەوشتەوە. ئەوەی لەلای توێژەر زۆر جێگای سەرنج بوو یاسای کاری کوەیتی بوو، کە ناڵێت وەزیری تایبەتمەند بڕیار بدات بە قەدەغە کردن، سەبارەت بە و کارانەی زیانی بۆ سەر ئافرەتەکە هەیە، بەڵکو دەڵێت (یحظر) واتا قەدەغە دەکرێت ئافرەت لەو کار و شوێنانەدا کار بکات و وەزیر تەنها دەسەڵاتی دیاری کردنی ئەم کار و شوێنانەی پێدراوە بە ڕاوێژ لەگەل لیژنە و لایەنی تایبەتمەند. کەواتە کردوویەتیە دەقێکی فەرمانکار کەوا نابێت ئافرەت لە شوێنێك کار بکات کە زیانی هەبێت بۆ ئەخلاق و ڕوشتی و مێینەتیەکەی بەکاربهێنرێت و هەروەها لە شوێنێك کە تەنها خزمەتی پیاو بکات هەتا ئەگەر ئافرەتەکەش بیەوێت لەو کارو شوێنانە کار بکات و بەڕەزامەندی خۆشی بێت. یاسادانەری کوەیتی دوربین بووە، چونکە هەموو مەبەستی ئەو پاراستنی خودی ئافرەتەکەیە و ئەزانێت شوێنێك کە تەنها خزمەتکردن بۆ پیاوان بێت و لە کەرتی تایبەت بێت و بێگومان بەر لەوەی تەندروستی ئەو بکەوێتە مەترسی ڕەوشتی زیانی پێ ئەگات و لە ناو و ناوبانگی دەدرێت. سەبارەت بە پرۆژە یاسای کاری هەرێم، پرۆژەکە ڕێکخستنی بۆ ئەم بابەتە نەکردوە، بۆیە پێمان باشە سوود لە ڕێکخستنی مادە (٢٣)ی یاسای کاری کوەیتی وەرگرێت.

## باسی سێیەم

## قەدەغەکردنی کاری ئافرەتی کرێکار لە کاتی دووگیانی و شیردانیدا

بێگومان دایکێکی تەندروست، وەچەیەکی تەندروست بنیاد ئەنێت و بوونی منداڵێکی تەندروستیش ئەبێتە هۆی دروست بوونی کۆمەڵگایەکی ئارام و سەقامگیر، هەربۆیە یاسادانەری وڵاتان بە گشتی گرنگیەکی زۆر بە ئافرەتی کرێکاری دووگیان دەدەن وپارێزگاری یاسایی بۆ دادەنێن تاکو بتوانرێت لە ماوەی دووگیانیدا توشی نەخۆشی و بارگرانی کار نەبێت کە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە خودی خۆی و بە منداڵەکەشی و هەروەها یاسادانەران ڕەچاوی ئافرەتیان کردووە لەو کاتەی دەبێت بە دایك کە ئەگەر هاتبا بەیاسا ڕێکخستن بۆ ئەو بارەی ئافرەت نەکرابایە ئەوا خاوەنکارەکان بە بیانوی درێژی مۆڵەتەکەو پێویستیان بە دەستی کار، کرێکارەکەیان لەکار دەردەکرد و کەسێکی تریان لە شوێن دا ئەنا.

یاسادانەری عێراقی پاراستنی تایبەتی بۆ ئافرەتی کرێکاری دووگیان داناوە کە لە مادە (٨٢)ی یاسای کاری عێراقی بەرکار لە هەرێمی کوردستاندا و لە بڕگەی یەکەمی مادە (٨٥)ی یاسای کاری عێراقی ساڵی ٢٠١٥دا هاتووە نابێت کاری زیادە یان هەر کارێکی تری زیانبەخش بە ئافرەتی دووگیان بکرێت کە زیانی هەبێت بۆ سەر تەندروستی دایکەکە یان منداڵەکە. کەواتە لێرەدا ئافرەتی دووگیان ناکرێ بەهیچ شێوەیەك کاری زیادە بکات یان کارێك کە لایەنی تەندروستی بیسەلمێنێت کەزیانی هەیە بۆ ئافرەتە دووگیانەکە. هەروەها یاسای کاری عێراقی بەرکار لە هەرێمی کوردستاندا لە برگەی یەکەم و دووەمی مادە (٨٤)دا باس لەوە دەکات کەوا ئافرەتی کرێکار شایستەی مۆڵەتی تایبەت بە دووگیانی و لەدایك بوون دەبێت بەکرێی تەواو بۆ ماوەی (٧٢) ڕۆژ کە دەتوانێت (٣٠) ڕۆژ پێش لە دایک بوونی منداڵەکە بێت و لە دوای لە دایک بوونیشی ماوەکەی تر وەردەگرێت. هەروەها لە برگەی سێیەمی مادەکەدا هاتووە بۆ لایەنی پزیشکی تایبەتمەند هەیە بڕیار بدات ئەو مۆڵەتەی کە دیاری کراوە لە بڕگەی یەکەمدا درێژ بکاتەوە بەمەرجێك زیاتر نەبێت لە (٩) مانگ لەکاتی لەدایك بوونی قورس، یان لەدایك بوونی زیاتر لە منداڵێك، یان بەدەرکەوتنی ئالۆزییەکان پێش یان دوای لەدایکبوون، و هەر مدەیەکی زیاتر لەوەی کە لە برگەی یەکەمدا هاتووە بە بێ کرێ هەژمار دەکرێت.

لە مادە (٨٧)ی یاسای کاری عێراقی ساڵی ٢٠١٥دا هاتووە کە ئافرەتی کرێکار شایستەی مۆڵەتی تایبەت بە دووگیانی و لەدایك بوون دەبێت بەکرێی تەواو بۆ ماوەی (١٤) هەفتە: مۆڵەتی (٨) هەفتەی هەیە لە ڕێکەوتی چاوەڕوانکراو بۆ لەدایك بوون بە بڕوانامەی پزیشکی دەرچوو لەلایەنی تایبەتمەند و (٦) هەفتە کەمتر نەبێت دوای لەدایك بوون. هەمان مادە ڕێگای داوە کە مۆلەتی پێشوەختەی لەدایك بوون درێژ بکرێتەوە بۆ ماوەیەك کە یەکسان بیت لەگەڵ ماوەی گریمانەی لەدایك

بوون و ڕێکەوتی ڕاستەقینەی لەدایك بوون بەبێ کەم کردنەوەی مۆڵەتە ناچاریەکە کە پێی دەدرێ دوای لەدایك بوون. هەروەها لەو مادەیەدا هاتووە بۆ لایەنی پزیشکی تایبەتمەند هەیە بڕیار بدات ئەو مۆڵەتەی کە دیاری کراوە لە بڕگەی یەکەم لەم مادەیە زیاتر بکات بەمەرجێك زیاتر نەبێت لە (٩) مانگ، لەکاتی لەدایك بوونی قورس یان زیاتر لە منداڵێك یاخود بەدەرکەوتنی نیشانەکانی پێش لەدایك بوون. لە کۆتایی مادەکەشدا، کرێکاری دایك گرێنتی کراوە کە بە کۆتایی هاتنی ماوەی مۆڵەتەکەی لە باری دایکایەتی، بگەڕێتەوە بۆ هەمان کاری پێشوو یان کارێکی هاوشێوە بە هەمان کرێ. هەروەها مادە (٨٩) ڕێگای داوە کە ئافرەتی کرێکار دوای لە دایک بوونی منداڵەکەی مۆڵەتی بێ کرێ وەربگرێت بە ڕەزامەندی خاوەنکار بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە ساڵێک. پرۆژە یاسای کاری هەرێمی کوردستان هەمان مادەکانی (٨٥ و ٨٧ و ٨٩) ی یاسای کاری ساڵی ٢٠١٥ عێراقی وەرگرتووە و لەناو پرۆژەکەدا جێگیر کراون[1] کە ئەمەش بە کارێکی باش دەزانین چونکە ڕێکخستنێکی گونجاوە. سەبارەت بە یاسا بەراوردکارییەکان، لە مادە (٢٤)ی یاسای کاری کوێتیدا هاتووە کە ئافرەتی دووگیانی کرێکار دەتوانێت پێش لەدایک بوونی منداڵەکە (٧٠) ڕۆژ مۆڵەت وەربگرێت بە کرێی تەواو و دوای لە دایک بوونی منداڵەکەش دەکرێت بە ڕەزامەندی خاوەنکار مۆڵەت وەربگرێت بۆ ماوەیەک لە (٤) مانگ زیاتر نەبێت بە بێ کرێ. بە پێی مادە (٩١)ی یاسای کاری مصری هەر کرێکارێکی ئافرەتی کە بەلایەنی کەم (١٠) مانگ لای خاوەنکارەکە کاری کردبێت، مافی وەرگرتنی مۆلەتی دووگیانی هەیە بۆ ماوەی (٩٠) ڕۆژ بە کرێی تەواو، بە مەرجێک (٤٥) ڕۆژ لە دوای منداڵبوونەکە کاری پێ نەکرێت و تەنها بۆی هەیە دوو جار ئەم مۆڵەتە وەربگرێت. هەروەها یاسای کاری سوری لە مادە (١٢١)دا دەقی لەسەر ئەوە کردووە کە ئافرەتی کرێکار دەتوانێت سێ جار مۆڵەتی دووگیانی وەربگرێت بە شێوەیەک بۆ منداڵی یەکەم (١٢٠) ڕۆژ، بۆ منداڵی دووەم (٩٠) ڕۆژ و بۆ منداڵی سێیەم (٧٥) ڕۆژ بە کرێ تەواو. بەمەش روون دەبێتەوە کە یاسای کاری عێراقی ساڵی ٢٠١٥ ڕێکخستنێکی یاسایی ووردتر و گونجاوتری بۆ بابەتە کردووە بە بەراورد لە گەل یاساکانی دیکە.

### باسی چوارەم
### مافە یاساییە بەخشراوەکان بە ئافرەتی کرێکار

ئافرەتی کرێکار جگە لەو بەدەرکردنانەی کە وەك پاراستن بۆی دیاری کراون لەیاسای کاردا، مافی تریش بۆی جێگیر کراون وەك هەر کرێکارێکی تر کە لەکەرتی تایبەت کار دەکات و پێویستە لەسەر خاوەن کار ئەو مافانەی پێ بدات. هەر وەك لە بڕگەی یەکەمی مادە (60)ی یاسای کاری عێراقی بەرکار لە هەرێمدا هاتووە "کرێکار مافی مۆڵەتی هەفتانەی هەیە لە کاردا کە کەمتر نەبێت لە یەك ڕۆژ لە هەفتەدا." وە لە مادە (٦١)یشیدا هاتووە کە بۆ خاوەن کار هەیە کە ڕێکەوتن لەگەڵ کرێکارەکان بکات کەوا کاریان پێ بکات ڕۆژانی کە بۆیان دانراوە بۆ پشوی هەفتانە یاخود پشووە فەرمییەکان بەمەرجێك قەرەبوویان بکاتەوە بەبەرامبەر جا بە پارە بێت یاخود بە مۆڵەتی دیاری کراو بێت. هەروەها لە مادە (٦٧)دا هاتووە "یەکەم: کرێکار شایستەی مۆڵەت دەبێت بە کرێ بۆ ماوەی (٢٠) ڕۆژ لە ساڵێکی کارکردندا. دووەم: کرێکار لە کاری ماندوکەرو زیانبەخش بۆ تەندروستی شایستەی مۆڵەتی ساڵانەیە بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ بۆ هەر ساڵێکی کارکردن". لەمادە(71)ی هەمان یاسادا هاتووە هەموو ڕیکەوتنێك بە پوچەڵ دادەنرێت سەبارەت بە لێخۆش بوونی کرێکار لە مۆڵەتەکانی ساڵانەی یاخود وازیان لێ بهێنێت، بەشێکی یاخود هەمووی بەرامبەر بە قەرەبوو یان بەهۆی هەر هۆکارێکی تر. مادە (٧٥)ی یاساکە مۆلەتی پشووە فەرمییەکان و جەژنەکانی بە کرێکار داوە بە کرێی تەواو. یاسای کاری عێراقی ساڵی ٢٠١٥ هەمان ئەو مۆلەتانەی داوە بە کرێکار تەنها مۆلەتی ساڵانەی کردووتە (٢١) ڕۆژ و و زیاد کردنی (٢) ڕۆژ بۆ مۆلەتی ساڵانە لە کاتی بەردەوام بوونی کریکار بۆ ماوەی پێنج ساڵی یەکەم و دووەم و (٣) ڕۆژ بۆ پێنج ساڵی سێیەم.[2] پرۆژە یاسای کاری هەرێمی کوردستانیش بە هەمان ڕێکخستنی یاسای کاری عێراقی ساڵی ٢٠١٥ وەرگرتووە[3] و ئەمەش بە کارێکی باش دەزانین چونکە ڕێکخستنێکی گونجاوە. سەبارەت بە یاسا بەراوردکارییەکان، مۆلەتی هەفتانەیان بە (٢٤) کاتژمێر داناوە. سەبارەت بە مۆلەتی ساڵانە، بە پێی مادە (١٥٥) ی یاسای کاری سووری (١٤) ڕۆژە، بەڵام بە پێی مادە (٤٧)ی یاسای

[1] بڕوانە مادە (٧٨) یەکەم و مادە (٧٩) و مادە (٨١) لە پرۆژە یاسای کار لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
[2] بڕوانە یاسای کاری عێراقی بەرکار ژمارە (37)ی ساڵی 2015،مادە(٧٤-٧٥).
[3] بڕوانە مادە (٦٧-٦٨) لە پرۆژە یاسای کار لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

مصری (٢١) ڕۆژە و بە پێی مادە (٧٠)ی یاسای کاری کوێتی (٣٠) ڕۆژە بە کرێی تەواو بە مەرجێک (٦) مانگ کاری کردبێت. جگە لە مافە ئاماژە پێکراوەکان، گشت یاساکان مۆڵەتی نەخۆشی بە کرێی تەواویان بۆ کرێکار فەراهەم کردووە،[1] سەرەڕای ئەمەش چەندین مۆڵەتی دیکە بە شێواز و ماوەی جیاواز لە یاساکاندا بۆ کرێکاران جێگیر کراون.

## بەشی سێیەم (بەشی مەیدانی)

## پێشێلکارییەکان بەرامبەر پاراستنە یاساییەکانی ئافرەتی کرێکاری بیانی لە کافتریاکانی شاری سۆران

لایەنی مەیدانی بە یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی توێژینەوەی زانستی و بە تەواوکەری لایەنی تیوری دادەنرێت. بۆیە لەم بەشەی تویژینەوەدا میتۆدی مەیدانی، ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی ڕێکخراو، بەکارهێنراوە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری سێیەمی ئەم توێژینەوەیە. سنووری جوگرافی ئەم توێژینەوەیە شاری سۆران بوو. لە بەشێکی سەردانە مەیدانییەکاندا، سەردانی لایەنی ئەمنی تایبەتمەند کرا کە بە وتەی ئەوان تا ڕێکەوتی 2022/3/16 ئەو ئافرەتە بیانیانەی کە کاریان دەکرد لە کافتریاکانی سۆران، ژمارەیان بە نزیکەی (25 تاوەکو 30) کرێکار بووە. لەم توێژینەوەیەدا، چاوپێکەوتن لەگەڵ (١٠) ئافرەتی کرێکاری بیانی* کە لە کافتریا جیاوازەکانی شاری سۆران کار دەکەن و هەروەها لە گەل (٥) خاوەن کافتریای** شاری سۆران ئەنجام دراوە.

پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کە لە مادە(23)ی یاسای کاری عێراقی بەرکار لە هەرێمدا هاتووە "نابێت کار بەهیچ کرێکارێکی بیانی بکرێت ئەگەر کارتی کارکردنی بەدەست نەهێنابێت بە پێی ئەو مەرج و ڕێ و شوێنانەی کە دەردەچن بە ڕێنمایی لەلایەن وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی." لەکاتی سەردانکردنی توێژەران بۆ لایەنی تایبەتمەند، ئەوەیان ڕوون کردەوە کە کۆمەڵە مەرج و ڕێکارێك هەن کەپێویستە بگیرێنە بەر بە مەبەستی پێدانی کارتی نیشینگەیی سەبارەت بە کارکردنی ئافرەتانی بیانی، وەکو شاهێد موختار، کفالەتێك کە لە وەزارەتی ناوخۆ پڕ دەکرێتەوە و هەروەها نووسراو بۆ لایەنی ئەمنی سۆران دەکرێت تاوەکو لە ڕووی ئەمنییەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. دوای ئەو ڕێکارانە، نووسراو بۆ هەر یەك لە فەرمانگەکانی کارو ڕاهێنانی پیشەیی، دەستەبەری کۆمەڵایەتی، باج و دەرامەتی سۆران دەکرێت بۆ مەبەستی پاکانە، بیمەی کۆمەڵایەتی، کارتی کارکردن و دواتر نووسراو بۆ لایەنی تەندروستی دەکرێت بۆ سەلماندنی کەسی بیانی کە هەڵگری هیچ نەخۆشیەکی گوازراوە نییە. پاشان فۆرمێك لەلایەن کەسی بیانی پڕ دەکرێتەوە لە بنکەی نیشینگەی سۆران کە ناو و ناونیشان و تەواوی زانیاری کەسی بیانی تێدا تۆمار دەکرێت. دوای هەموو ئەو ڕیکارانە ئەو کات کەسی بیانی دەتوانێ وەك کرێکار کار بکات لە سنوری ئیدارەی سۆران.

---

[1] بڕوانە مادە (٧٧-٧٩) لە یاسای کاری عێراقی ژمارە(71)ی ساڵی 1987 ی هەموارکراوی بەرکار لەهەرێمی کوردستان؛ مادە (٨٠ و ٨١) لە یاسای کاری عێراقی بەرکار ژمارە(37)ی ساڵی 2015؛ مادە (٨٩-٩٧) قانون العمل الكويتي رقم (٦) لسنة ٢٠١٠ في شأن العمل في قطاع الاهلي؛ مادە (١٦٧ و ١٦٨) قانون العمل السوريا رقم (17) لسنه 2010؛ و مادە (٥٤) قانون العمل المصري رقم (12) لسنة 2003.

* ئەو ئافرەتانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجام دراوە، لە بەر بارودۆخی تایبەتی کارکردنیان نەیانویست ئاماژە بە ناوی تەواویان بدرێت لە ناو توێژینەوەکەدا، بۆیە لە کاتی باسکردن و شیکردنەوەی وەڵامەکانیان تەنها پیتی یەکەمی ناوەکانیان دەنووسرێت و ناوی تەواویان لای توێژەر پارێزراوە لەگەڵ ناونیشانی کافتریاکان. چاوپێکەوتن کراوە ئافرەتەکان بریتین لەم دە کەسە: ١.(ڕ.أ.ع)؛ ٢.(ب)؛ ٣.(س.م.ڤ)؛ ٤.(ن،س.ح)؛ ٥.(س.ص.ج)؛ ٦.(ڕ.م.أ)؛ ٧.(أ)؛ ٨. (ن.أ.ز)؛ ٩.(س.أ.ل)؛ ١٠. (ش).

** ئەو خاوەن کافتریایانەش کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجام دراوە، نەیانویست ئاماژە بە ناوی تەواویان بدرێت لە ناو توێژینەوەکەدا، بۆیە لە کاتی باسکردن و شیکردنەوەی وەڵامەکانیان تەنها پیتی یەکەمی ناوەکانیان دەنووسرێت. چاوپێکەوتن کراوە خاوەنکاراکانیش بریتین لەم پێنج کەسە: ١.(ه. ص)؛ ٢.کافتریای(2.ب.2)؛ ٣.( و.ش.چ)؛ ٤.( ش)؛ ٥.( أ).

لە چاوپێکەوتنەکانی ئەم توێژینەوەیەدا ڕوون بوویەوە کە ئەو ئافرەتە بیانیانە هاتنیان بۆ کوردستان و کار کردنیان لە کافتریاکانی شاری سۆران لەڕێگای گروپاتی تیلیگرام یاخود لە ڕێگای دەڵاڵ بووە؛ لە رووی کرداریشەوە ئەو مەرجانەی کە پێویستیان بووینە، ئەوەن کە نیشینگەیان هەبێت، جا هەر جۆرێک بێت و کەسێك ببێتە کەفیلیان لە ئاسایش و کارتی تەندروستیشیان هەبێت کە هەڵگری هیچ نەخۆشیەك نین. هەروەها توانرا چەند پرسیارێك (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١) ئاراستەی ئەو ئافرەت و خاوەنکارانە بکرێت، سەبارەت بەو پاراستنە یاساییانەی ئافرەتی کرێکاری بیانی لە کافتریاکانی هەرێمی کوردستان کە لە یاسای کاری عێراقی ژمارە (71)ی ساڵی 1987ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان هاتوون. سەرەرای بارودۆخی تایبەتی ئەو ئافرەتانە و بەردەوام وجودی خاوەن کافتریاکان لایان کە ئەستەمی کردبوو بتوانرێت بەتەواوی وەڵامی پرسیارەکانیان لێ وەربگیرێت، بەڵام توانرا تا رادەیەکی باش وەڵامی چەند پرسیارێکی جەوهەری وەربگیرێت کە خۆی لەو کێشانە دەبینێتەوە کە توێژینەوەکەمانی لەپێناو ئەنجام دراوە. بۆیە لە چەند باسێکی جیاوازدا شیکردنەوە بۆ وەڵامەکانیان دەکرێت و ئەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر ماف و پاراستنە یاساییەکانیان دەکرێت، دەخرێنەروو، بەم شێوەی خوارەوە:

## باسی یەکەم

## پێشێلکاری پاراستنی یاسایی ئافرەتی کرێکاری بیانی لەڕووی کاتەوە

وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، یاسای کاری عێراقی بەرکار لە هەرێم، گرنگییەکی تەواوی داوە بە کارکردنی ئافرەتان لە شوێنە جیاجیاکان و بە پێویستی داناوە کە خاوەن کارەکان و خودی کرێکارەکانیش پەیوەست بن بەو رێکخستنانەی کە تیایدا هاتوون. سەبارەت بە کارکردنی ئافرەتی کرێکار لە کافتریاکانی سۆران، لە ئەنجامی چاوپێکەوتنەکان، توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کەوا کاتی کارکردنی ئەو ئافرەتانە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ بنەماو پرەنسیپەکانی یاسای کار یەکانگیر نین، بەڵکو دژیەکن لەگەڵ دەقی یاسای کار و ئافرەتانی ناو کافتریاکان بە شەو کاردەکەن و کاتی کارکردنیان زیاتر لە (10) کاتژمێرە، لە کاتێکدا هەروەک لە بەشی پێشووتر ئاماژەمان پێدا، یاسای کاری بەرکار لەهەرێم ئاماژەی بەوە کردووە کە کاتی کارکردنی ڕۆژانە پێویستە (8) کاتژمێر بێت و نابێت ئافرەت لە شەودا کار بکات لەچەند حاڵەتێکی دیاری کراو نەبێت کە یەکێك لەوانە کاری (الترفيهي) خۆشگوزەرانییە. ڕوون نییە مەبەست لە کاری خۆشگوزەرانی چی یە لەلای یاسادانەر کەوا ڕێگای داوە ئافرەت لەو بوارەدا بەشەویش کار بکات. ئەگەر هاتوو کاری کافتریاکان بکەوێتە ناو کاری خۆشگوزەرانی و تێیدا کارکردنی ئافرەت لەشەودا ڕێگە پێدراو بێت، لەگەل ئەمەشدا یاسای کار پاراستنێکی دیکەی یاسایی بۆ ئافرەت دابین کردووە کە تیایدا ئاماژە بەوە کراوە کەوا پێویستە ئافرەتی کرێکار لە ڕۆژێکدا (11) کاتژمێر پشووی هەبێت لەکارکردندا و پێویستە لەو یانزە کاتژمێرە، بە لایەنی کەم حەوت کاتژمێری بکەوێتە ناو ماوەی کاری شەوانە و لەنێوان کاتژمێر (9) ی شەو تاکو (6) ی بەیانی، بەڵام لەڕووی کردارییەوە ئەوە جێ بەجێ ناکرێت لە کافتریاکانی سۆران.

لەکاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ زۆربەی ئافرەتەکان، هەموویان باسیان لەوە کرد کە لە کاتژمێر یەك یان دووی دوانیوەڕۆ تاوەکو دوانزەی شەو کار دەکەن؛ تەنها (أ) نەبێت کە گوتی کاتی کارکردنی من لە کاتژمێر (4)ی دوانیوەڕۆ دەست پێ ئەکات تاوەکو (12)ی شەو، بەڵام ئەگەر کار زۆر بێت و موشتەری هەبێت لە کاتژمێر (1)ی دوانیوەڕۆ دەست بەکار دەکەم.[1] هەر ئەوکات توانرا چاوپێکەوتن لەگەڵ خاوەن کافتریاکان بکرێت و پرسیاریان لێ بکرێت کەوا لەسەر چ بنەمایەك لە کاتژمێر (1) دوانیوەڕۆ تاوەکو (12)ی شەو کار بەو ئافرەتە کرێکارانە دەکرێت و بەکاتی کارکردنی ئەوان دانراوە؟ ئەو خاوەنکارانە ئاماژەیان بەوەدا کە کاتی کردنەوەی کافتریاکان بە نووسراوی ئاسایشی سۆران دیاریکراوە. ئەو ئافرەتانەش کرێکاری ئەو کافتریایەن وەك هەر یەکێکی تر بۆ ئەوەی ڕۆژانەی خۆیان وەربگرن پێوەستە پابەندی کاتی کارکردن بن. بەڵام ئەوەی پێویستە بگوترێت ئەوەیە کە نووسراوی ئاسایش پاساو نییە بۆ کار کردنی ئافرەت لەو کاتانەدا، چونکە ئەوە لادانە لە حوکمەکانی یاسای کار و ناکرێت بەو بیانووە کار بە ئافرەت بکرێت لە کاتی نایاساییدا بەلکو دەتوانن تەنها کار بە

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(أ)، کرێکار لە کافتریای (ش)، 2022/3/10.

کوڕەکان بکەن. کەواتە دەردەکەوێت کاتی کارکردنی ئافرەتان لەو کافتریایانە پێچەوانەی ئەو کاتانەیە کە یاسای کار ڕێکخستنی بۆ کردووە.

### باسی دووەم

### پێشێلکاری پاراستنی یاسایی ئافرەتی کرێکاری بیانی لەڕووی مۆڵەتە دیاری کراوەکان

هەروەك ئەزانرێت هەر کرێکارێك لە هەر بوارێکدا پێویستی بە مۆڵەتی هەفتانە و ساڵانە هەیە، سەرەرای مۆڵەتی بۆنە تایبەتی و پشووە فەرمییەکان، کە پێویستە پێیان بدرێت بە کرێی تەواو، بەو شێوەیەی کە لە یاسای کاری عێراقی بەرکار لە هەرێم هاتوون. بەڵام ئەوەی لە کافتریاکان بینرا و لە قسەی چاوپێکەوتنکراوەکان تێبینی کرا ئەوە بوو کە ئەوان خاوەنی هیچ مۆڵەتێك نین، ئەگەر مۆڵەتیش وەربگرن ئەوا بەبێ کرێ مۆڵەتەکە وەردەگرن. یەکێك لە چاوپێکەوتنکراوەکان بە ناوی (ڕ.م.أ) بەرەگەز ئێرانی، کرێکاری کافیتریایەکی سۆران گوتی: "من مۆڵەتم هەیە و خاوەن کافتریا مۆڵەتم پێ ئەدات بەڵام بەبێ کرێ و ئەگەر لەکاتی پێویست مۆڵەت وەربگرم بەبێ کرێ هەژمار ئەکرێت بۆم."[1] لە کاتی پرسیار کردن لەخاوەن کافتریاکان سەبارەت بە مۆڵەتی ئەو کریکارانە، هەموویان گوتیان هەر کات کرێکارەکان بیانەوێت مۆڵەت وەربگرن ئەتوانن، بەڵام کرێی ئەو ڕۆژەیان بۆ هەژمار ناکرێت. لەکاتێکدا لە مادە(71)ی یاسای کاری عێراقی بەرکاردا هاتووە بە پوچەڵ دادەنرێت هەر ڕێکەوتنێك بکرێت لە مافی کرێکار لە مۆڵەتی ساڵانەکەی، یاخود وازهێنان لەهەمووی یان بەشێکی، لەبەرامبەر قەرەبوویەك یاخود لەبەرامبەر هەر هۆیەك بێت. کەواتە ڕێکەوتن لەسەر ئەو کرێ پێنەدانە پوچەڵە. سەبارەت بە مۆڵەتی نەخۆشی، کە لە بڕگەی یەکەمی مادە(77)ی یاسای کاری بەرکار لەهەرێمدا هاتووە کەوا کرێکار شایستەی مۆڵەتی نەخۆشیە بە کرێی تەواو بۆ ماوەی (30) ڕۆژ لەساڵێکدا. کە پرسیار لەو ئافرەتانە کرا، گوتیان لەکاتی نەخۆشی کار ناکەین بەڵام کرێی ئەو ڕۆژەی کە ناساغین هەژمار ناکرێت بۆمان. کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت هیچ مۆڵەتێک بە کرێی تەواو بەو ئافرەتانە نادرێت کە لەو کافتریایانە کاردەکەن و ئەمەش پێچەوانەی یاسایە.

### باسی سێیەم

### پێشێلکاری پاراستنی یاسایی ئافرەتی کرێکاری بیانی لە ڕووی گرێبەستی کارکردن

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا پێویستە گرێبەستی کار هەبێت لەنێوان خاوەن کارو کرێکاراندا. لە مادە(30)ی یاسای کاری عێراقی بەرکار لە هەرێمدا هاتووە: پێویستە گرێبەستی کار نووسراو بێت، وە جۆرو بڕێ کرێیەکەی تێدا دیاری بکرێت، لە کاتی نەنووسینی گرێبەستی کار، ئەوا کرێکار پێویستە گرێبەستەکەو هەموو ئەو مافانەی کە لێیەوە سەر هەڵدەدات بسەلمێنێت بەهەموو ڕێگاکانی سەلماندن. بەڵام لە هەموو چاوپێکەوتنەکاندا، کرێکارەکان و خاوەن کافتریاکان باسیان لەوە کرد کە هیچ یەکێك لەو کرێکارانەی کە لە کافتریاکان کار دەکەن گرێبەستی کاریان نییە و خاوەن کارەکانیش ئامادە نین لەگەڵ هیچ یەکێکیان گرێبەستی کار ئەنجام بدەن؛ تەنها دەبنە کەفیلیان لە بەردەم لایەنی تایبەتمەندی ئەمنی بەوەی ئەو ئافرەتانە لەلایان کار دەکەن. لە کاتی پرسیارکردن سەبارەت بە هۆکاری نەبوونی گرێبەستی کارکردن لەنێوانیان، خاوەنکارەکان ئاماژەیان بەوەدا کە نایانەوێ هیچ لایەنێکیان لایەنەکەی تر ببەستیتەوە بە گرێبەستێکەوە. هەروەها گووتیان کە ئێمە بە ئازادی کارەکە ئەکەین، هەر کات کرێکارەکەمان بەدڵ نەبوو یاخود لامان پەسەند نەبوو لەکارەکە دووری دەخەینەوە. بەهەمان شێوە کرێکارە ئافرەتەکانیش ئەوەیان دووپات کردەوە کە هەرگیز بە گرێبەست کار لە کافتریاکان ناکەن چونکە ئەوان ئازادن لەکارکردندا و هەرکات بیانەوێت، بەبێ ئەوەی بەرپرسیاریەتی گرێبەستییان بکەوێتەسەر لەبەرامبەر خاوەنکار، ئەو کارە جێ دەهێڵن. بەڵام نەبوونی گرێبەست، مافی کرێکارەکان لەڕووی کارکردنەوە دەخاتە مەترسیەوە و لەوانەیە ببێتە هۆی بێ بەشبوونیان لەو مافانەی کە پێویستە بۆیان دەستەبەر بکرێت چونکە بەنەبوونی گرێبەست، سەلماندنی ماف و ئیمتیازەکانی کرێکار دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە.

[1]چاوپێکەوتن لەگەڵ(ڕ،م،أ)، لە کافتریای (ژ)،2022/3/8.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

دوای سەردانکردنی توێژەران بۆ بنکەی نیشینگەی سۆران، بەدیارکەوت کەوا هەر کەسێکی بیانی کە بۆ کارکردن دێتە هەرێم، کارتی کارکردنی پێ نادرێت تاوەکو چەند مەرجێك نەهێنەدی. یەکێك لەو مەرجانە هەبوونی گرێبەستی کارکردنە لەنێوان خاوەنکارو کرێکاردا کە لە دادنووس ئامادە دەکرێت (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢). دوای سەردانکردنی دادنوس، روون بوویەوە ئەو گرێبەستەی کە لە دادنووس ئامادە دەکرێت، جێگای سەرنج و ڕەخنەیە چونکە تەنها ناوی لایەنەکان، بڕی کرێ و جۆری کار تیایدا نووسراوە، لەگەڵ پابەند بوون بۆماوەی یەک ساڵ کارکردن، بەبێ ئاماژەدان بە ماف و ئەرکەکانی تر کە پێویستە لایەنەکانی گرێبەست پێیەوە پابەند بن. سەرەرای پێویست بوونی گرێبەستی ئاماژەپێکراو، خاوەنکارەکان و کرێکارە ئافرەتەکانیش لە چاوپێکەوتنیاندا، نکۆڵیان لە بوونی گرێبەستەکە کرد. لێرەدا چەند پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئایا ئەگەر ئەو ئافرەتانە گرێبەستی کارکردنیان نییە چۆن لە کافتریاکاندا کاردەکەن؟ یاخود ئەگەر گرێبەستێك هەبێت لەنێوانیاندا بۆچی نکۆڵییان لە بوونی ئەو گرێبەستە کرد؟ هەروەها لە دەقی گرێبەستەکەدا هاتووە کە دەبێت بەلایەنی کەمر بۆ ماوەی یەك ساڵ پابەندی ئەو گرێبەستە بن، ئەی چۆن ئەو ئافرەتانە هەر کات بیانەوێت دەتوانن کارەکە جێ بهێڵن؟ یاخود ئەگەر خاوەنکارەکان ئافرەتەکانیان بەدڵ نەبوو چۆن دەتوانن لەکار دەریان بکەن؟ ئەو پرسیارانە و چەندانی تر بە ناڕوونی ماونەتەوە و پێویستی بە بەدواداچونێکی ووردی لایەنی تایبەتمەند هەیە تاوەکو بزانرێت کە ئایا ئەو ئافرەتانە بە پێچەوانەی یاسا لە کافتریاکان کار دەکەن یاخود هۆکارێکی تر هەیە کە دان بە بوونی گرێبەستی کارکردن نانێن. لێرەشدا دەردەکەوێت کە نەبوونی گرێبەست لە نێوان ئافرەتی کرێکاری بیانی و خاوەن کافتریایەکان، پێشێلکارییەکی دیکەی روونە بەرامبەر ئەو پاراستنە یاساییانەی کە بۆ ئافرەتە کرێکارەکان دابین کراون و پێچەوانەی یاسایە.

## باسی چوارەم

### پێشێلکاری پاراستنی یاسایی ئافرەتی کریکاری بیانی سەبارەت بە کرێی کارکردن

دەوڵەتان بە گرنگییەوە دەڕوانە بابەتی یەکسانی لەنێوان هاوڵاتیان لە کارکردن، بەبێ جیاوازی بنەچە، زمان، ئایین و ڕەگەز. وەك لەبەشی پێشتر ئاماژە بەوە کرا کە لە چەندین پەیماننامەی نێودەولەتیدا جەخت کراتە سەر جیاوازی نەکردن لەنێوان کرێکاران لە ڕووی کرێی کارکردن لە کاری هاوشێوە، لەڕووی کات و جۆری کارکردن. هەروەها لە یاسای کاری عێراقی بەرکار لەهەرێمشدا جەخت لەسەر بنەمای یەکسانی لەکرێ کرایتەوە لە کاری هاوشێوە لە جۆرو چەندایەتی، هەروەک لە برگەی دووەمی مادە(4)ی یاساکەدا هاتووە "یەکسانی لەکرێ سەبارەت بە کاری یەکسان لە برِو جۆر، کە لە بارودۆخی هاوشێوەدان". بەڵام ئەوەی تێبینی کرا لە کافتریاکانی سۆران، جیاوازی هەبوو لەنێوان کرێی کرێکاران لە کارکردندا، هەرچەندە لەیەك کافتریاش کاریان دەکرد و یەك جۆر کاریان بەڕێوە دەبرد. بۆ نموونە (ن.أ.ز) و (س.مر.ڤ) هەردووکیان لەیەك کافتریا کاریان دەکرد بەڵام کرێی ڕۆژانەی (ن.أ.ز) دووبەرامبەری کرێی ڕۆژانەی(س.مر.ڤ) بوو. لەکاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا و ئاراستەکردنی پرسیار کە بۆچی کرێی یەکێکیان زیاترە لەوەی دیکە؟ (ن.أ.ز) گووتی: "من موشتەری تایبەت بەخۆمر هەیەو لەبەر من دێنە ئەو کافتریایە. لەکاتی هاتنیان، من ئەچمر لەلای ئەوان لەسەر مێزی کافتریا دائەنیشمر و بەیەکەوە قسەو گفتۆوگۆ ئەکەین و نێرگەلە ئەکێشین. من وایان لێ ئەکەمر کە ئەوان مشتەری بەردەوامی ئەو کافتریایە بن کە کاری تێدا ئەکەمر. بۆیە ڕۆژانەی من زیاترە لە هی ئەو".[1] لە کافتریایەکی تر کە سێ کچ لەوێ کاریان ئەکرد، پرسیاری ئەوە ئاراستەی خاوەن کافتریا کرا کە جیاوازی کرێ هەیە لەنێوان کرێکارە ئافرەتەکان؟ لەوەڵامدا گوتی: "بەڵێ، کرێی ڕۆژانەی ئافرەتێکیان زیاترە لە دوانەکەی تر چونکە موشتەری زۆرو تایبەت بەخۆی هەیە بۆیەش لێرە کاردەکات".[2] لێرەدا دەردەکەوێت کە ئەمر جیاوازییە لەسەر هیچ پێوەرێکی کارکردن ئەنجامر نەدراوە بەڵکو بەکاڵاکردنی ئەو ئافرەتانەیە کە لەو شوێنە کار دەکەن و لەگەڵ هیچ بنەما و پێوەرێکی ئەخلاقی مرۆڤایەتی یەکناگرێتەوە و سەرپێچییە بۆ پاراستنە یاساییە دانراوەکان، ئەمەش وادەکات کە ئافرەتانی تریش کە لەو شوێنانە کار دەکەن بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن خۆیان بە کاڵا بکەن تاوەکو بتوانن سەرنجی مشتەری و خاوەنکاریش بۆخۆیان ڕاکێشن لەپێناو بەدەست هێنانی کرێیەکی زیاتر لەوەی بۆیان دانراوە.

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ (ن،أ،ز)، کارکەر لە کافتریای(2.ب.2)، 2022/3/10.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ (ش)، خاوەن کافتریای (ژ)، 2022/3/10.

## باسی پێنجەم

## پێشێلکارییەکانی دیکە بەرامبەر پاراستنە یاساییەکانی ئافرەتی کریکاری بیانی

لەکاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لە گەل خاوەن کافتریاکان و ئاراستەکردنی ئەو پرسیارەی کە ئایا ئافرەتی دایك ئەتوانێ لێرە کار بکات کە منداڵی هەبێت؟ بە نەخێر جوابیان ئەدایەوە. خاوەنی یەکێك لە کافتریاکان بەناوی(هـ .ص) گوتی: "بەهیچ شێوەیەك قبولی ناکەم ئافرەتێك لای من کار بکات کە هاوسەرگیری کردبێت و منداڵی هەبێت".[1] ئەمەش دژی بنەماو پرنسیپەکانی یاسای کارو پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانە. هەروەها سەبارەت بەو پرسیارەی ئاراستەی ئافرەتە کرێکارەکان کرا بە ڕووداوی توندوتیژی سێکسی لەڕووی جەستەیی و دەرونیەوە، بەداخەوە زۆربەیان ئاماژەیان بەوەدا کە هۆکاری زۆر جێ گۆڕینیان لەکافتریاکان بۆ توندوتیژی سێکسی دەگەڕێتەوە لەلایەن خودی خاوەنکار یان مشتەرییەکان. بەڵام ئەوەی روون نەبوو لای توێژەران، ئەوە بوو کە بۆچی لەو حاڵەتانەدا پەنایان بۆ دادگای کار نەبردووەو خۆشیان هیچیان لەبارەیەوە باس نەکرد. جگە لەو پرسیارانە، ئەوە بەدیار کەوت کە نە ئەو ئافرەتانە و نە خاوەنکارەکانیش هیچیان لەبارەی یاسای کاری عێراقی بەرکار لە هەرێم و پاراستنە یاساییەکانی ناویان نەدەزانی و لەکاتی پرسیارکردن لێیان کە ئایا ئێوە ئەزانن ماف و ئەرکەکانتان چی یە بەپێی یاسای کار؟ ئافرەتەکان گوتیان ئێمە یاسای کاری وڵاتی خۆمان نازانین چ بگات بە یاسای کاری ئەو شوێنەی کە کاری لێ دەکەین، هەر ئەمەشە وای کردووە کە بەش خوراو بن و مافەکانیان بۆ دابین نەکرێت لەلایەن خاوەنکارەکانەوە.

## کۆتایی

لەکۆتایی توێژینەوەکەدا سەبارەت بە پاراستنی یاسایی ئافرەتی کرێکاری بیانی لە کافتریاکانی هەرێمی کوردستان، توێژەران بە کۆمەڵە دەرەنجامێک گەیشتن و ژمارەیەک پێشنیاریش دەخەنەروو، بەم شێوەی خوارەوە:

**یەکەم: دەرئەنجامەکان**

1. یاسای کاری عێراقی ژمارە (71)ی ساڵی1987 کە تا ئێستاش هەرێمی کوردستان کاری پێ دەکات، یاسایەکی زۆر کۆنە و کەم و کورتی زۆر تێدایە و لەگەڵ بارودۆخی ئێستای کۆمەلگا یەکناگرێتەوە.
2. سەبارەت بە کارکردنی ئافرەت، یاسادانەری عێراقی بەچاوی کۆمەڵگا پاراستنەکانی دیاری نەکردوون کە یاسا دانەری وڵاتانی وەك مصرو کویت دیارییان کردوون و یاسادانەری ئەو وڵاتانە قەدەغەیان کردووە ئافرەت کار لە شوێنێك بکات جگە لە زیانی تەندروستی زیانی بۆ سەر ڕەوشتی ئافرەتەکەش هەبێت. بەتایبەت یاسا دانەری کویتی کە کارکردنی ئافرەتی قەدەغە کردووە لە شوێنێك کە خزمەتگوزاریەکان تەنها بۆ پیاوان بێت.
3. لە دەروازەی پاراستنی ئافرەتی کرێکار لە یاسای ژمارە (71)ی ساڵی 1987، یاسادانەر لە بڕگەی یەکەمی مادە(83) ئاماژەی بەوە داوە کە نابێ کار بە ئافرەتی کرێکار بکرێت لەشەواندا، جگە لەچەند کارێك کە بەدەری کردوون، لەوانەش کاری خۆشگوزەرانی. ئەگەر کافتریاکان بکەونە ناو کاری خۆشگوزەرانی و ڕێگە بە کارکردنی ئافرەت بدرێت لە شەودا، بەڵام بڕگەی دووەمی هەمان مادە، (١١) کاتژمێر پشوی لە ڕۆژێکدا داوە بە ئافرەتی کرێکار، لەو ماوەیەش پێویستە (٧) کاتژمێر بکەوێتە ناو کاری شەوانە، بەڵام کافتریاکان لە کاتژمێر (1) تاوەکو (12) شەو کراوەن و ئافرەتان کار دەکەن بە بەردەوامی و ئەو پشووەیان بۆ هەژمار ناکریت کە یاسای کار دیاری کردووە لە کاری ڕۆژانەدا.
4. ئافرەتە کرێکارەکان لە کافتریاکان خاوەن هیچ مۆڵەتێکی هەفتانە و ساڵانە و نەخۆشی و دووگیان نین کە یاسای کار بۆیانی فەراهەم کردووە بە کرێی تەواو.
5. جیاوازی کرێ لەنێوان ئافرەتە کرێکارەکان بەدی دەکرێت، هەرچەند هەمان کارو هەمان شوێنیش بوو کە ئەمەش دژیەکە لەگەڵ بنەمای یەکسانی کە یاسای کار باسی کردووە.

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ (ه.ص)، خاوەن کافتریای (ش)،2022/3/10.

6. ئەوانەی لە کافتریاکانی سۆران کار دەکەن، هیچ گرێبەستێکی کارکردنیان بۆ نەکراوە و لەسەر ئەساسی گرێبەست کار ناکەن، بە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسای کار.
7. ئەو ئافرەتە کرێکارانە توشی چەندان ڕوداوی نەخوازراو بوونەتەوە لە کاتی کار کردندا بەڵام هیچ کات پەنایان بۆ دادگای کار نەبردووە. هیچ یەکێك لە خاوەن کافتریاکان و ئافرەتەکانیش زانیارییان نیە سەبارەت بە ئەرك و مافەکان کە بەیاسا دیاری بۆیان، هەر ئەمەش بوویتە هۆکاری پێنەدانی ماف بەو کرێکارانە.
8. لە کۆتاییدا دەرکەوت کە زۆربەی حوکمەکانی یاسای کاری عێراقی بەرکار لە هەرێم، تەنها نووسینی سەر کاغەزە، و لە ڕووی کردارییەوە کاریان پێ ناکرێت و پاراستنە یاساییەکانیانی ئافرەتی کرێکار کاریان پێناکرێت.

## دووەم: پێشنیازەکان

1. پێشنیار دەکرێت بۆ یاسادانەری کوردستانی کە یاسای کاری عێراقی ژمارە (71)ی ساڵی 1987 بەرکار لە هەرێم هەڵبوەشێنرێتەوە و یاسایەکی نوێی دەربکات یاخود یاسای کاری عێراقی ژمارە (37) ساڵی 2015 بەرکار بکات، لەگەل هەموار کردنی مادەکانی (٨٥ و٨٦) لەبابی پاراستنی ئافرەت، تاوەکو لەگەڵ بارودۆخی ئێستای هەرێم بگونجێت، بە سود وەرگرتن لە یاسای کاری کوێتی.
2. پێناسەی ئافرەتی کرێکاری بیانی لە یاسای کاردا جێگیر بکرێت بەم شێوەیە: ئەو ئافرەتەیە کە هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی نییە و لە عێراق کاردەکات لەژێر ڕێنوێنی و سەرپەرشتی خاوەن کار و لەژێر چاودێری بەڕێوەبردنیدا بەرامبەر بە کرێیەکی دیاریکراو و بە پێی گرێبەستێکی نووسراو، جا ئەم کارکردنەی هزری بێت یاخود جەستەیی.
3. سەبارەت بە کاری ئافرەتان لە شەواندا و هەروەها لە کاری مەترسیدار یان زیانبەخش، پێشنیار دەکرێت یاسادانەری کوردستانی کاری خۆشگوزەرانییەکان لابدات و دەقی مادە (٢٢ و ٢٣)ی یاسای کاری کوەیتی تایبەت بە کارکردن لە کەرتی تایبەت، وەک خۆی وەربگرێت.
4. لایەنی تایبەتمەند لە هەرێم بەدواداچوون و لێپرسینەوە بکەن و ڕیکاری توند بگرنەبەر بەهۆی جێ بەجێ نەکردنی بڕگە و مادەکانی یاسای کار بەتایبەت لە کافتریاکان.
5. پێشنیار بۆ لایەنی تایبەتمەند ئەوەیە کە بەدواداچوون بکەن و ئەوە پشتڕاست بکەنەوە کە ئافرەتە کرێکارە بیانیەکانی ناو کافتریاکان هەموویان خاوەنی مۆڵەتی کارکردنن بە هەموو ئەو مەرج و ڕیکارانەی کە پێویستە بگیرێنە بەر لەو کافتریایانە، بە پێچەوانەوە رێکاری یاساییان بەرامبەر بگیرێتەبەر.

## لیستی سەرچاوەکان

**کتێبەکان:**

ڕێبوار مغدید هاودیانی، یاسای کار لەژێر ڕۆشنایی یاسای بەرکار لەهەرێمی کوردستان ژمارە (٧١)ی ساڵی 1987 و یاسای کاری عێراقی ژمارە (37)ی ساڵی 2015، چ١، کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانێ، 2019.

**کتێبە وەرگێڕدراوەکان بۆ سەر زمانی کوردی:**

د.حسنە بیجوم، ژن لەجیهانی سێدا: ئامانج_بیروڕاکان، وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە:چرۆ سابیر، چ١، چاپخانەی ئازادی، 2007.

**چاوپێکەوتنەکان:**

چاوپێکەوتن لەگەڵ (أ)، خاوەن کافتریا (ناوی نەبوو)، ٢٠٢٢/٢/٢٢.
چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئ)، کرێکار لە کافتریای (ش)، ٢٠٢٢/٣/١٠.
چاوپێکەوتن لەگەڵ (ب)، کریکار لە کافتریا (ناوی نەبوو)، ٢٠٢٢/٢/٢٢.
چاوپێکەوتن لەگەڵ (ڕ.أ.ع)، کریکار لە کافتریای (ژ)، ٢٠٢٢/٣/١.

چاوپێکەوتن لەگەڵ (ڕ.م.أ)، کریکار لە کافتریای (ژ)، ٢٠٢٢/٣/٨.
چاوپێکەوتن لەگەڵ (س.أ.ل)، کرێکار لە کافتریا (ناوی نەبوو)، ٢٠٢٢/٣/١.
چاوپێکەوتن لەگەڵ (س.ص.ج)، کرێکار لە کافتریای (ش.س)، ٢٠٢٢/٣/٨.
چاوپێکەوتن لەگەڵ (س.م.ڤ)، کرێکار لە کافتریای (2.ب.2)، ٢٠٢٢/٣/١٠.
چاوپێکەوتن لەگەڵ (ش)، خاوەن کافتریای (ژ)، ٢٠٢٢/٣/٨.
چاوپێکەوتن لەگەڵ (ش)، کرێکار لە کافتریا (ناوی نەبوو)، ٢٠٢٢/٣/١.
چاوپێکەوتن لەگەڵ (ن.أ.ز)، کرێکار لە کافتریای (2.ب.2)، ٢٠٢٢/٣/١٠.
چاوپێکەوتن لەگەڵ (ن.س.ح)، لە کافتریای (ش.س)، ٢٠٢٢/٣/٨.
چاوپێکەوتن لەگەڵ (ه.ص)، خاوەن کافتریای(ش)، ٢٠٢٢/٣/١٠.
چاوپێکەوتن لەگەڵ (و.ش.چ)، خاوەن کافتریای (ش.س)، ٢٠٢٢/٣/٨.
چاوپێکەوتن لەگەڵ خاوەن کافتریای (2.ب.2)، ٢٠٢٢/٣/١٠.

**ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان:**
الاتفاقية العربية رقم (1) لعام (1966) معدل بأتفاقية رقم (6) لعام (1976) بشأن مستويات العمل.
الاتفاقية العربية رقم (5) لعام (1976) بشأن المرأة العاملة .

Convention on the Elimination of All Forms of Discrimination Against Women 1979.
International Convention on the Elimination of All forms of Racial Discrimination1969.
International Covenant on Economic, Social and Cultural Rights 1976.
Universal Declaration of Human Right 1948.

**دەستور:**
دستور جمهورية العراق لسنة 2005.

**یاساکان:**
یاسای کاری عێراقی ژمارە (71)ی ساڵی 1987ی هەموارکراوی بەرکار لەهەرێمی کوردستان.
قانون العمل المصرى رقم (12)لعام 2003.
قانون العمل الكويتى رقم (٦) لسنة ٢٠١٠ في شأن العمل في قطاع الاهلي.
قانون العمل السوريا رقم (17) لسنه 2010.
قانون العمل العراقي رقم (37) لسنة 2015.
قانون اقامة الاجانب في العراق رقم (76) لسنة2017.

**ڕێنماییەکان:**
ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٣ تایبەت بە کارکردنی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.
ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ی هەرێمی کوردستان تایبەت بە کرێکاری بیانی.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

## پاشکۆکان:


**پاشکۆی ژمارە (١): پرسیارەکانی چاوپێکەوتن**

أ- ناوی سیانیت چیە؟
ب- تەمەنت چەندە؟
ت- لە چ وڵاتێک هاتووی و چەند ساڵە هاتووی بۆ هەرێمی کوردستان؟
ث- چۆن هاتووی بۆ هەرێمی کوردستان و چۆن دەست بەکار بووی لە کافتریاکان؟
ج- کاتەکانی کارکردنت لە کافتریاکان چین؟
ح- ئایا مۆڵەتی هەفتانە و ساڵانەت هەیە لەو کافتریایەی کە کاری لێ دەکەی؟
خ- کرێی ڕۆژانەت چەندە؟ ئایا جیاوازی کرێ هەیە لەنێوان کرێکارە ئافرەتەکان؟
د- گرێبەستی کارکردن هەیە لە نێوان خاوەنکار و ئافرەتە کرێکارەکان لە کافتریاکان؟
ذ- ئایا بەهۆی کارەوە توشی هیچ کردارو گوفتارێکی ناشایستە بوویتەوە لە لایەن خاوەنکارو موشتەرییەکان؟

**پاشکۆی ژمارە (٢):**

**نموونەیەك لە گرێبەستی کارکردن لە کافتریاکانی شاری سۆران**

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X


هەرێمی كوردستان – عیراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەكانی داد
فەرمانگەی دادنووسی

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Justice
General directorate of justice departments

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة العدل
المديرية العامة للدوائر العدلية
دائرة الكاتب العدل

بەروار ٧٨ / ٢٠٢١

گرێبەستی (پێكەوە كاركردن)

ژمارەی گشتی/
تۆمار/

لایەنی یەكەم : ( ) من خاوەنی ( ) لە ( )

رازیم هاوڵاتی ( ) كە هاوڵاتیەكی ( )

لام كار بكات بە بری مانگانە ( ) هەزار دینار بۆ ماوەی یەك ساڵ

لایەنی دووەم من هاوڵاتی ( ) هاوڵاتیەكی ( )

رازیم كار بكەم لە ( ) بە بری مانگانە ( ) هەزار دینار بۆ ماوەی یەك ساڵ بە

پێچەوان بەر پرسیارم بەرامبەر بە یاسا

لایەنی دووەم / لایەنی یەكەم /

ناو / ناو /

ناونیشان / ناونیشان /

ناسنامە/ ناسنامە/

هەردوو لایەنی گرێبەست لە بەردەمم ئامادەبوون پاش رووبەڕووكردن و خوێندنەوەی ناوەرۆكی گرێبەست لە بەردەمیان دانیان نا بە ناوەرۆكی گرێبەست بۆیە منیش پەسندم كرد.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# الحماية القانونية للعاملات الأجنبيات في كافيتريات إقليم كوردستان
# مدينة سوران نموذجاً

| |
|---|
| أ. م. د. رضوان شريف صالح |
| قسم القانون، فاكلتي القانون والعلوم السياسية والإدارة، جامعة سوران،سوران، أربيل، إقليم كوردستان – العراق |
| البريد الالكتروني: rdhwan.salih@soran.edu.iq |
| شيلان تۆفيق فقێ خضر |
| قانوني، نيابة الادعاء العام في سوران، رئاسة الادعاء العام، إقليم كوردستان – العراق |
| البريد الالكتروني: shilantofiq90@gmail.com |

## ملخص

لقد أولت قانون العمل العراقي رقم (٧١) سنة ١٩٨٧ النافذ في إقليم كوردستان_العراق، اهمية بالغة للعامل في حيث الحقوق و الواجبات، ولا شك إن العاملات الاجنبيات اللواتي تعملن في كافتريات إقليم كوردستان هن بأمس الحاجة للحماية القانونية و الضمان حقوقهن ولكن في القانون المذكور فإن الحماية القانونية غير واضحة ولا تتوفر فيه الحقوق القانونية، لذلك فإن اهداف هذه الدراسة عبارة عن عرض الحقوق و الحماية قانونية التي وردت في الاتفاقيات و القوانين المعمول بها للعاملات الاجنبيات، وكذلك إضهار و تحديد مدى توفير تلك الحماية و الحقوق للعاملات الاجنبيات في كافيهات الإقليم، ويعتمد هذا البحث على المناهج المقارنة و التحليلي لتحقيق أهدافه، كما اعتمد على المنهج الميداني وذلك في خلال إجراء المقابلات مع العاملات الاجنبيات حرمنّ في معظم حقوقهن، و تعمل المرأة العاملة ليلاً، ولا يتحصلنَّ على إجازة اليومية أو السنوية المنصوص عليها في القانون العمل و بأجرٍ كامل، كما توجد فرق في الأجر اليومي بين العاملات في الكافيهات وهو مخالف لقانون العمل، وفي الختام يُقترح بأن لا تكون قانون العمل قانوناً مكتوباً فقط و إنما يجب أن قانوناً فعالاً و عملياً في القطاع الخاص في إقليم كوردستان.

الكلمات المفتاحية: العامل، العامل الاجنبي، العاملة، قانون العمل العراقي، كافيتريا، إقليم كوردستان.

# LEGAL PROTECTION OF FOREIGN WOMEN WORKERS IN THE KURDISTAN REGION'S CAFETERIAS SORAN CITY AS AN EXAMPLE

| |
|---|
| **Asst. Prof. Dr. Rdhwan Shareef Salih** |
| **Department of Law, Faculty of Law, Political Science and Management, Soran University, Kurdistan Region-Iraq** |
| **Email: rdhwan.salih@soran.edu.iq** |
| **Shilan Tofeeq Faqe Khudur** |
| **Legally, Public Prosecution Office in Soran, Presidency of Public Prosecution, Kurdistan Region-Iraq** |
| **Email: shilantofiq90@gmail.com** |

## ABSTRACT

**The Iraqi Labor Law No. (71) of 1987, which is in force in the Kurdistan Region of Iraq, gives great importance to the worker in terms of rights and duties. There is no doubt that foreign women workers who work in the Kurdistan Region's cafeterias need to be protected by law and their rights guaranteed. However, the legal protections for foreign women workers in cafeterias are unclear, and their rights are not adequately addressed. Therefore, the objectives of this study are to present the legal rights and protections provided for women workers in the applicable treaties and domestic laws, as well as to determine the extent of providing these rights and protections for foreign women working in the region's cafeterias. This research relied on comparative and analytical methods to achieve its objectives and also adopted the empirical research method by conducting interviews with foreign women workers in Soran's cafeterias. The study revealed that these women workers are deprived of most of their rights. They are often employed during nighttime hours and do not have the daily or annual leave provided for by the labor law with full wage and there is also a difference in the daily wage between women workers in cafeterias, which is contrary to the labor law. Finally, it is proposed that the labor law should not only be a written law but rather an effective and practical law in the private sector in the Kurdistan Region.**

**Keywords: Worker, Foreign Worker, Woman Worker, Iraqi Labor Law, Cafeteria, Kurdistan Region.**